5 ساڵە بەدەست ئازاری دەروونییەوە دەناڵێنێت..

# ناوبژیوانە بەناوبانگەکە لە (مەیموون) رایکردووە



رووداوی وەرزشی - SPORT

بەڕێوەبەری گشتی لیژنـەی ناوبژیوانانی پرێمەرلیگ، هۆکاری سـەرەکی راکردنی مارک کلاتینبێرگی ناوبژیوانی بەناوبانگی ئینگلیزی لە پرێمەرلیگ بەرەو خولی سعوودییە ئاشکرا دەکات و دەڵێت «کلاتینبێرگ لەبەر پارە نەچووەتە خولی سـعوودییە، ئەو لە رووداوێک رایکردووە، کە بەر لە 5 ساڵ روویداوەو هێشتا بەدەست ئازارییەوە دەناڵێنێت».

رۆیشـتنی مـارک کلاتینبێرگی ناوبژیوانـی بەناوبانگی ئینگلیـزی لە پرێمەرلیگ بۆ خولی سـعوودییە، هەرایەکی گـەورەی ناوەتـەوە، چونکـە پرێمەرلیـگ یەکێـک لـە باشـترین ناوبژیوانانی خۆی لەدەسـتدەدات. هەندێک ئەو ناوبژیوانـە بەوە تۆمەتبار دەکـەن کە لەبەر پارە چووەتە سـعوودییە، بەڵام بۆرد کەیس هاکێتی بەڕێوەبەری گشتی لیژنـەی ناوبژیوانانی پرێمەرلیگ هۆکاری ئەو رۆیشـتنەی کلاتینبێرگی ئاشکراکرد و گوتی «هەردوو یاریزانی پێشووی یانەی چێڵسی، خوان ماتای ئیسپانی و جۆن ئۆبی میکێلی نایجیری هۆکاری رۆیشتنی کلاتینبێرگن، کە ساڵی 2012 رۆژنامەکان بـەوە تۆمەتباریان کرد کە لە یارییەکدا لەنێو یاریگەی ستامفۆرد بریدچدا بە میکێلی گوتووە مەیموون و بە ماتای گوتووە ئیسپانییە گەمژەکە».

بەڕێوەبەری ناوبراو، زیاتر لەو بارەوە گوتی «هەرچەندە ئـەوکات کلاتینبێـرگ ئـەو تۆمەتانـەی رەتکـردەوەو لیژنـەی ناوبژیوانانیـش تۆمەتبـاری نەکرد، بەڵام ئەو رووداوە تاوەکو ئێسـتاش کاریگەری بەسەر دەروونـی کلاتینبێرگـەوە مـاوە، بۆیە ئەو چیـدی بەرگەی نەگرت و رایکرد».

WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (438) سێشەممە 2017/2/21 2ی رەشەمێ - 2716 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

## بارسێلۆنا پێویستی بە دووبارە رێکخستنەوەیەکی خێرا هەیە..

# لیستی رەش

"رێککەوتنێکی نهێنی لەنێوان پیرێز و ئەیماردا هەیە"



3

"یاریزانانی بارسا لە پاریس ئابڕوویان تکا، دەبێ لە کامپ نو ئەو ئابڕووە وەک خۆی لێبکەنەوە"

رۆناڵدۆ وازی لە خۆپەرستی هێناوەو ئێستا لە جاران باشترە



4

چامپیۆنزلیگ بەردەوامە..

شەوی خۆسەلماندنی فەیلەسوفە دوا هەلیشە بۆ ئیتاڵییەکان



6

براوەکانی (53)یەمین لۆتۆی (رووداوی وەرزشی)

1- رزگار عەلی عەبدوڵڵا
2- شەنگە ئەبوبەکر حوسێن
3- کاروان رەفیق
4- پێشەنگ عەبدوڵڵا مستەفا
5- دیار محەممەد عەبدوڵڵا

LOTTO

8

سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان:



## کێشەی ئێمە نییە یانەی زاخۆ دەکشێتەوە یان نا

2



**یەکەهەڵۆێستن**

دارەوان قادری ڕاهێنەری یانەی کەرکووک، سەبارەت بە ڕووداوەکانی یاری زاخۆ و کەرکووک، قسەی بۆ (ڕووداوی وەرزشی) کردو گوتی «حەیف و مخابنە یانەیەکی کوردستان بەو شێوەیە پێشوازی لە یانەیەکی دیکەی کوردستان بکات». ئەو گوتیشی «بەداخەوە کە هاندەرانی زاخۆ هاتنە نێو یاریگەو بە دار و بەرد و ئاسن بەربوونە گیانی یاریزانەکانمان و تەنانەت پۆلیسیش لە ئێمەی دەدا، بۆیە پێویستە ڕێوشوێنی توندیان لەدژی وەربگیرێت، هەموو یانەکانی کەرکووک یەکهەڵۆێستن لەبارەی ئەم ڕووداوە، دەبێ ئەوانەی ئەم کارەیان کردووە سزا بدرێن، چونکە بێ سزادان وەرزشی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپتر دەچێت».

## لەبارەی ڕووداوەکانی یاری (زاخۆ ـ کەرکووک)..

### یەکێتی تۆپی پێی کوردستان:

# «سبەی کەمتەرخەمەکان بە توندی سزا دەدەین»

**سامان وڵاتژێری**
**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

لە باشووری کوردستان هەمووان چاوەڕوانی کۆبوونەوەیەکی گرنگی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەکەن، کە بڕیارە سبەی 2017/3/22 ئەنجامبدرێت و بڕیار لەسەر ڕووداوێک بدرێت کە هەموو لایەکی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، ئەویش ڕووداوی شەڕی نێوان هەردوو یانەی زاخۆ و کەرکووکە لە خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان، کە هاندەرانی یانەی زاخۆ هۆتافی «هیە هیە، کەرکووک داعشییە» لەدژی یانەی کەرکووک بەکارهێنا، هەروەها چەند هاندەرێک و ڕاگەیاندکارێکیش لە شەڕەکەدا بریندار بوون.

شەڕی نێوان هەردوو یانە کاردانەوەی گەورەی لەنێو وەرزشوانانی کوردستان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەدوای خۆیدا هێناوەو هەردوو یانەش یەکدی بە هۆکاری دروستبوونی ئەو شەڕە تۆمەتبار دەکەن.

حوسێن سالح، سەرۆکی یانەی زاخۆ لەسەر دروستبوونی ئەو شەڕە بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند «کەرکووک بۆ ئێمە جێگەی ڕێزەو هیچ کێشەیەک لەنێوان ئێمەو ئەواندا نییە، ئێمە کەرکووکمان خۆشدەوێت، بەڵام بەداخەوە کەرکووک بەنیازێکی خراپەوە هاتبووە زاخۆ، ئەوان بە ڕوحیەتی ئەوە هاتبوون یان بردنەوە یان شەڕ، کاتێکیش لە یارییەکەدا تووشی شکستهاتن شەڕیان لەگەڵ ئەندامانی دەستەی کارگێڕی یانەکەمان بەرپاکرد».

سالح، لە وەڵامی پرسیارێکدا کە بۆچی هاندەرانی یانەکە هۆتافی «هیە هیە، کەرکووک داعشییە» یان بەرامبەر کەرکووک بەکارهێناوە؟ گوتی «یاریزانانی یانەی کەرکووک بە ئێمەیان گوتووە بژیت نەجەف، زاخۆ داعشە، یاریزانانی یانەی کەرکووک لە پۆلیس و ڕاگەیاندنکارانیان داوەو ئەوانیش بەرگریان لە خۆیان کردووە، بۆ هەموو ئەمانەش بەڵگەمان هەیە».

سەرۆکی یانەی زاخۆ، لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «بەڵگەمان هەیە ئێستاش لە زاخۆ بریندار هەیەو لە نەخۆشخانەدان، داوا لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستانیش دەکەین، یانەی کەرکووک بە توندی سزا بدرێت بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوانە دووبارە نەبنەوە». ئەو سەرۆک یانەیە، دوای ئەوە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند ئەگەر بڕیارەکانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بەدڵی ئەوان نەبێت خۆیان لە خولی کوردستان دەکێشنەوە.

دوای چەند ڕۆژێک لە تێپەڕبوون بەسەر ڕووداوەکەدا کە (تۆڕی میدیایی ڕووداو) ڕووماڵێکی تایبەتی ئەو بارۆدۆخەی کرد، سەرۆکی یانەی زاخۆ بەفەرمی لە ڕێگەی (ڕووداو)ەوە داوای لێبوردنی لە سەرۆک و ئەندامان و هاندەرانی یانەی کەرکووک کردو گوتی «ئەوەی ڕوویدا هەر کەس و لایەنێک لێی بەرپرسیار بووبێت کێشە نییە، لەبەرئەوەی کەرکووک میوانی ئێمە بووە داوای لێبوردن لە یانەکە دەکەین».

نەوزاد قادر، سەرپەرشتیاری یانەی کەرکووک لەبارەی ڕووداوەکەوە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «بەداخەوە بۆ یانەیەکی گەورەی وەک یانەی زاخۆ و سەرۆکەکەی، دڵتەنگی و نیگەرانی خۆمان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕادەگەیێنین و داواکارین ئەوانەی کەمتەرخەم بوون بە توندی سزا بدرێن».





**سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان:**
**زاخۆ بکشێتەوە یان نا ئەوە کێشەی ئێمە نییە**

قادر ئەوەشی ڕاگەیاندووە، کەرکووک خاوەنی مێژوویەکی دوور و درێژەو ئەوەی بەرامبەر یانەکە کراوە جێگەی قبوڵکردن نییە «ئەوە جاری یەکەم نییە لە یاریگەی زاخۆ ئەو کارانە دووبارە دەبنەوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە وەک پێویست ئەوانەی ئەم کارانە دەکەن سزا بدەین».

سەرپەرشتیاری یانەی کەرکووک، لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی «ئەوەی لە یاریگەی زاخۆ ڕوویدا کاریگەری زۆر خراپی لەسەر دەروونی یاریزانانی یانەکەمان هەبووە، لە کاتێکدا بە سەدان شەهیدمان لەو شارە داوە، یاریزان هەیە برا و خزمی نزیکی شەهید بووە. بەردەوام لە کاتی ئەو ڕووداوەدا لە پەیوەندیدا بووم لەگەڵ بەرپرسانی ئەو شارەو یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و داوای ئەوەم کردووە گیانی یاریزانانمان پارێزراو بێت». هەروەها گوتیشی «ئەنجامی یارییەکە گرنگ نییە با وازی لێبێنین، بەڵام ئەگەر ئەنجامەکە لە بەرژەوەندی کەرکووک بووایە چ کارەساتێک ڕوویدەداو کێ پارێزگاری لە یاریزانەکانی یانەکەمان دەکرد، یاریزانی ئێمە لەلایەن پۆلیسەوە لێیدراوەو بریندار بووە، نازانین چۆن دەرگا بەڕووی هاندەران کرایەوەو هاتنە نێو یاریگە».

لەبارەی داوای لێبوردنی سەرۆکی یانەی زاخۆش، نەوزاد قادر، گوتی «ئەوە جێگەی دەستخۆشییە، ئەرکی ئەوانە داوای لێبوردن بکەن». هەروەها گوتیشی «ئەگەر بڕیارەکەی یەکێتی تۆپی کوردستان بەدڵی ئێمە نەبوو ڕێگەی دیکە دەگرینە بەر و بەپێی یاساکانی یەکێتی تۆپی پێی جیهان هەڵسوکەوت دەکەین».

دوای ئەو ڕووداوە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لیژنەیەکی 3 کەسی، کە پێکهاتبوو لە سەلام حوسێن، سکرتێری یەکێتییەکە، دڵشاد مەعروف، ئەندامی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و ئەحمەد عەزیز سەرپەرشتیاری یارییەکە پێکهێنا بۆ ئەوەی بە وردی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ڕووداوە بکەن و بگەنە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بۆ سزادانی لایەنی کەمتەرخەم لە ڕووداوەکەدا، کە بڕیارە سبەی چوارشەممە یەکێتییەکە بڕیاری کۆتایی خۆی لەبارەی ئەو ڕووداوە بدات.

سەلام حوسێن، سەرۆکی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «ئەو هۆتافانەی لە یارییەکەدا گوتراون بەهەموو شێوەیەک ڕەتدەکەینەوەو بەڵگەی پێویستمان لەبەردەستە، سبەی ئەوەی کەمتەرخەم بووە بەتوندی سزای دەدەین، چونکە کاریگەری لەسەر وەرزشی کوردستان دەبێت».

سەرۆکی ئەو لیژنەیە هەموو لایەنەکان لە لێکۆڵینەوەو بڕیاری دادپەروەرانە دڵنیاکردەوەو گوتی «سزای لایەنی کەمتەرخەم بەپێی بەڵگەکان یەکلایدەبێتەوەو دوای کۆبوونە لەگەڵ هەردوو یانە، لایەنی کەمتەرخەم بەتوندی سزا دەدرێت».

سەبارەت بە قسەکانی سەرۆکی یانەی زاخۆ، کە دەڵێت «ئەگەر سزاکانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بەدڵی ئێمە نەبن لە خولەکە دەکشێینەوە». سەفین کانەبی، سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتدا بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «ئەوەی ڕوویداوە بەهیچ شێوەیەک جێگەی قبوڵ نییە، یانەی زاخۆ لە خولەکە دەکشێتەوە کێشەی ئەوانە نەک ئێمە، لیژنەی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بە وردی کارەکانی خۆی کردووە، ئەو ڕووداوە بەئاسانی بەسەر ئێمە تێناپەڕێت و ڕێگە نادەین بەهیچ شێوەیەک ئەوە دووبارە ببێتەوە».

**سەرۆکی یانەی زاخۆ: هەڵەکە لە هەر کەس و لایەنێک بووبێت داوای لێبوردن لە کەرکووکییەکان دەکەین، چونکە مێوانمان بوون**

**سەرپەرشتیاری یانەی کەرکووک: ئەو ڕووداوە کاریگەرییەکی دەروونی زۆر خراپی کردووەتە سەر دەروونی کەرکووکییەکان**



گوڵستان تەحسین، دەچێتە ڕیزەکانی یانەی گازی باکوور..

# «لە کوردستان شتێک نییە بەناوی وەرزشیی ئافرەتان»

**عەبدولقەهار مەحموود**
**ڕووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

گوڵستان تەحسین، یەکێکە لەو کچە یاریزانانەی فوتساڵ، کە لەم ساڵانەدا ئاستێکی بەرز پێشکەش دەکات، ئەو بڕیاریدا بەپێی گرێبەستێک بچێتە ڕیزەکانی یانەی گازی باکوور، بۆ ئەوەی لە خولی فوتساڵی عێراقدا ئاست و ئەنجامەکانی ئەو یانەیە بەرەوپێش ببات.

گوڵستان، کە لەدایکبووی ساڵی 1998ی هەولێرە، یەکێکە لە باشترین کچە یاریزانانی ئێستای فوتساڵی کوردستان، سەرەتا لە قوتابخانە دەستی پێکردووەو هەر زوو بووەتە باشترین یاریزان لەسەر ئاستی فوتساڵی پەروەردەکان، ئەو یاری بۆ تیپی پەروەردەی دەشتی هەولێری کردووە، بەشداری لە خولی کوردستان کردووەو بووەتە گۆڵکاری کوردستان و 3 ساڵ بەسەریەکەوە نازناوی گۆڵکاری کوردستانی بەدەستهێناوە.

گوڵستان تەحسین، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «دواتر پەیوەندیم بە یانەی قەڵای تورکمان کرد، لەگەڵ ئەو یانەیەش بوومە گۆڵکار، ئینجا چوومە ڕیزەکانی یانەی جیهان و لەگەڵیدا نازناوی خولی کوردستانی ساڵی 2015م بردەوەو نازناوی گۆڵکاری خولەکەش هەر بۆ من بوو».

ئەو کچە یاریزانە هەموو هۆکاری سەرکەوتنەکانی دەگەڕێنێتەوە بۆ سۆز و میهرەبانی دایکی و دەڵێت «لە هەموو یارییەکانمدا دایکم وەک قەڵایەک لەپشتمبوو، تا دەمرم قەرزاری دایکمم». ئەو گوتیشی «بەڵام بەداخەوە دوای ئەوەی دایکم کۆچی دوایی کرد ماوەیەک لە وەرزش دابڕام، ئێستا دەمەوێ لەگەڵ یانەی گازی باکوور خزمەت بە وەرزشیی ئافرەتانی کوردستان بکەمەوە». ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەو یاریزانە گلەیی ئەوەی هەیە کە لە کوردستان هیچ بایەخ بە وەرزشیی ئافرەتان نادرێت. ئەو لەو بارەوە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «بەداخەوە لە کوردستان شتێک نییە بە ناوی وەرزشیی ئافرەتان».



# مارادۆنای دەڤەری شێخان

**عومەر قاسم**
**ڕوودلوی وەرزشی ـ شێخان**

تەمەن کە بەرەو هەڵکشان ڕۆیشت، لە تواناکانی یاریزان کەم دەکاتەوە، بەڵام هەرگیز لە ئارەزوو و خۆشەویستی یاریزان بۆ تۆپی پێ کەم ناکاتەوە، هەر یاریزانێکیش لە تەمەنی لاویدا ئاستێکی بەرزی هەبووبێت، لە تەمەنی گەورەشدا هەر دەتوانێت تام و چێژ بە بینەر و هاندەران ببەخشێت.

ڕەمەزان حوسێن عومەر، نموونەیەکی بەرچاوی ئەو جۆرە یاریزانانەیە، کە لە تەمەنی 45 ساڵیشدا هاندەران حەز لە یاریکردنی دەکەن و تەنانەت بە «مارادۆنای دەڤەری شێخان» ناوی دەبەن، بەهۆی جولە جوانەکانی و تەنانەت ڕوخساریشی زۆر بە مارادۆنا دەچێت.

ڕەمەزان حوسێن، یاریزانێکی دێرینی هەڵبژاردەی کەلەکچی یە، لە دەڤەری شێخان، ساڵی 1972 لەدایکبووە، بەڵام هەرگیز ناتوانێت لە یاریگەکانی تۆپی پێ دووربکەوێتەوە، ئەو ئێستاش بەردەوام یاری دەکات و هەموو جارێ بینەران تووشی سەرسوڕمان دەکات بەو هونەر و جولە جوانانەی لەنێو یاریگەدا پێشکەشیان دەکات.

ئەو بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «زۆر خۆشحاڵ دەبم، کە هاندەران بە مارادۆنا بانگم دەکەن، هیوادارم زۆرترین ماوە لە یاریکردن بەردەوام بم».

مارادۆنای شێخان، هەر لە تەمەنی منداڵی ئارەزوومەندی تۆپی پێ بووە، دەستپێکی یاریکردنی لە تەمەنی 16 ساڵی بووەو یەکەم یاری خۆی لە خولەکاندا لەو تەمەنەدا کردوویەتی. ئەو سەرەتای دەستپێکی یاریکردنی لە خولەکان بۆ هەڵبژاردەی کەلەکچی یاریکردووە. سیفەتێکی دیکەی جیاکەرەوەی مارادۆنای شێخان ئەوەیە کە ناوبراو یەکێکە لە یاریزانە هەرە ڕەوشتبەرزەکان لەنێو یاریگەدا.

ڕەمەزان مارادۆنا، لە ڕێگەی توپێ پێوە خزمەتێکی زۆری وەرزشیی دەڤەرەکەی کردووە، بۆ چەندین تیپی میللی یاریکردووەو بەشداری لە چەندین خول و پاڵەوانیەتییدا کردووەو چەندینجاریش بە باشترین یرایزانی خولەکان دەستنیشانکراوە. ئەو خوازیارە لەدوای وازهێنان لە یاریکردنیش، وەک ڕاهێنەر و کارگێڕی بەردەوام بێت لە خزمەتکردنی وەرزشیی دەڤەرەکەیان، بەتایبەتیش یاری تۆپی پێ.





ئۆفەرێك بۆ بەشدارانی پاکێجەکانی ئینتەرنێتی کورەك

ڕۆژانە ئینتەرنێتی بێسنوور بەخۆڕایی وەربگرن

ئێستا سەرجەم بەشدارانی پاکێجەکانی ئینتەرنێتی Extra G دەتوانن هەموو ڕۆژێك بەشێوەی ئۆتۆماتیکی ئینتەرنێتی خۆڕایی وەربگرن لە کاتژمێر 1ی شەو تاکو 7ی بەیانی.
ئەم ئۆفەرە بۆ سەرجەم بەشدارانی پاکێجەکانی ئینتەرنێت بەردەستە بەبێ هیچ خەرجییەکی زیدە.

بۆ بەشداریکردن لە پاکێجە جۆراوجۆرەکانی ئینتەرنێت کە ئەم ئۆفەرە دەیگرێتەوە، پەیوەندی بکەن بە: #250* یان #360* یان #257*

korektel.com


411

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (438)
سێشەممە 2017/2/21



دەگەڕێتەوە

ئەدریانۆی ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەکانی ئینتەرمیلان و ڕۆمای ئیتاڵی، لە لێدوانێکی چاوەڕواننەکراودا ڕایگەیاند بەنیازە بگەڕێتەوە نێو یاریگەکانی تۆپی پێ و دەست بە یاری بکاتەوە. ئەدریانۆ کە وەک خۆی دەڵێت بەهۆی مردنی باوکی تووشی ئالوودەبوون بوو بە مەیخواردنەوەو مادده هۆشبەرەکان، ڕایگەیاند ئێستا بەجددی بیر لەوە دەکاتەوە دەست بە یاری بکاتەوەو گوتی «دەمەوێ لە ڕێگەی یانە کۆنەکەمەوە، فلامینگۆ بگەڕێمەوە، ئێستا زۆر بەباشی مەشق و ڕاهێنان دەکەم بۆ گەڕاندنەوەی توانای جەستەییم،و دابەزاندنی کێشم».



## سەرۆک بێئومێد نەبووە..

# «ڕێککەوتنێکی نهێنی لەنێوان پیریز و نەیماردا هەیە»

ڕووداوی وەرزشی ـ SAMBA

«مەحاڵە نەیمار دا سیلڤای بەرازیلی بچێتە ریزەکانی ریال مەدرید»، ئەمە ئەو دەستەواژەیە کە هەرگیز فلۆرەنتینۆ پیریزی سەرۆکی یانەی شاهانەی مەدرید بڕوای پێی نییەو دەستەوارەیەکی خەیاڵی بۆ بەدەستهێنانی تواناکانی ئەستێرەی سامبا ئامادە کردووە.

هەندێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئیسپانیا، ئاشکرایانکرد کە هێشتا فلۆرەنتینۆ پیریزی سەرۆکی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی بێئومێد نەبووە لە گرێبەستکردن لەگەڵ نەیمار دا سیلڤای ئەستێرەی بەرازیلی یانەی بارسێلۆنای ڕکابەری هەمیشەیی یانەی شاهانە. ئەو سەرچاوانە دەڵێن «پیریز هێشتا لەو بڕوایەدایە کە دەتوانێت نەیمار ڕازی بکات پەیوەندی بە ریزەکانی ریال مەدریدەوە بکات، چونکە ئەو لەلایەن هەندێک کەسەوە، کە بە نهێنی دانوستانەکانی نێوان پیریز و نەیمار بەڕێوە دەبەن، پێیانگوتووە نەیمار سوور نییە لەسەر ئەوەی هەر لە بارسا بمێنێتەوە، واتە نەیمار هەمیشە دەرگەیەک بە کراوەیی دەهێڵێتەوە بۆ چوونە هەر یانەیەکی دیکە». ئەو سەرچاوانە هەروەها دەشڵێن «لەبەرئەوە پیریز دەستەوارەیەکی خەیاڵی بۆ ڕازیکردنی نەیمار ئامادە کردووەو لە کاتی گونجاودا پێشکەشی دەکات».



# ریال مەدرید دەبێتە یانەیەکی ئیتاڵی

ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS

بەرگریکار و ڕاهێنەرێکی پێشووی یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی، پەسنی زەینەدین زیدانی ڕاهێنەری یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی دەدات و دەڵێت «زیدان ریال مەدریدی کردووەتە یانەیەکی ئیتاڵی». ئەو پێیوایە زیدان بەهۆی پەیڕەوکردنی پلانی بەرگری دەتوانێت زۆر دەستکەوتی دیکەش بەدەستبێنێت.

چیرۆ فێرارا، کە کۆنە هاوڕێیەکی زیدانە، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی لاگازیتا دیلۆ سپۆرتی ئیتاڵی، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لەوەتەی زیدان جێگەی ڕافا بینیتێزی گرتووەتەوە لە سەرپەرشتیکردنی مەشقەکانی ریال مەدرید، ئەو یانەیەی کردووەتە یانەیەکی 100% ئیتاڵی. ئەو لەو بارەوە گوتی «زیدانی هاوڕێم لە ڕێگەی گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بۆ هێڵی بەرگری، ریال مەدریدی کردووەتە یانەیەکی ئیتاڵی».

ئەو کۆنە هاوڕێیەی زیدان، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە زیدان لە ڕێگەی یاریکردن لەسەر شێوازی ئیتاڵییەکان، کە زیاتر لە هەموو هێڵەکانی یاریکردن گرنگی بە هێڵی بەرگری دەدەن، دەتوانێت دەستکەوتی زیاتر بۆ ئەو یانە ئیسپانییە بەدەستبێنێت «دڵنیام لەمەودوا زیدان و تیپەکەی زیاتر دەبنە ئیتاڵی و بەردەوام دەبن لە بەدەستهێنانی سەرکەوتن و دەستکەوتی زیاتر».

## 5 ئەستێرە هەڕەشە لە تەختی دۆن دەکەن

# «لەوانەیە خیسۆس ئەو یاریزانە بێت کە یانەی شاهانە بەدوایدا وێڵە»

ئا: ڕەمزی میرەکانی



چەند ئەستێریەک هەن، دەتوانن کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بۆ جەماوەری ریال مەدرید قەرەبوو بکەنەوە، لە حاڵەتی دابەزینی ئاستی یان ڕۆیشتنیدا. جەماوەری ریال مەدرید خۆی بۆ شوێنگرەوەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی یەکەم، لە ریزەکانی یانەی شاهانە ئامادە دەکات، کە چەندین دەستکەوتی مێژوویی بۆ یانەکە بەدەستهێناوە.

ریال مەدرید پلانی هەیە گرێبەست لەگەڵ 4 ئەستێرەی گەورە بکات، زێدەباری گەورەکردنی ڕۆڵی یاریزانێکی ئێستای تیپەکە، بۆ پڕکردنەوەی ئەوکەلێنەی ڕۆناڵدۆ لە حاڵەتی دابەزینی ئاستی، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات بەهۆی گەورەبوونی تەمەنی دەینێتەوە.

ئەمانە ئەو 5 یاریزانەن، کە ریال مەدرید دەیەوێ گرێبەستیان لەگەڵدا بکات، بۆ ئەوەی شوێنی ڕۆناڵدۆ لە ریزەکانی یانەی شاهانە بگرنەوە.

### 1 ـ پاولۆ دیبالا:

ئەستێرەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی، کە یەکێکە لە گرنگترین بەهرەکانی ئێستای تۆپی پێ لە جیهاندا. دیبالا ساڵی 2015 خەڵاتی باشترین یاریزانی لاوی لە ئەوروپا بەدەستهێنا، دوای چوونی لە پالێرمۆوە بۆ یانەی یوڤانتۆس. ناوی دیبالا پێشتر بە ناوی ریال مەدریدەوە گرێدرا، بەڵام دەستەوارەکە ئەوکات سەری نەگرت، ناوی دیبالا زۆر بەتوندی بۆ شوێنگرتنەوەی ڕۆناڵدۆ لە ئایندە باس دەکرێت.

### 2 ـ ئیدین هازارد:

هەندێک پێیانوایە ئەستێرەی بەناوبانگی چێڵسی، تەمەن 26 ساڵان دەبێتە شوێنگرەوەیەکی ڕەوای ڕۆناڵدۆ. هازارد پێشەوایەتی چێڵسی کرد لە وەرزی پێش ڕابردوودا، نازناوی پرێمەرلیگ بەدەستبێنێت، خۆیشی بە باشترین یاریزانی خولەکە هەڵبژێردرا. ریال مەدرید دەتوانێت گرێبەست لەگەڵ هازارد بکات، بۆ ئەوەی لەتەک ڕۆناڵدۆ یاری بکات، لە حاڵەتێک ئەگەر دۆن ببێتە سەرەڕم، وەک چۆن لەو ماوەی دواییی وا بیری دەکردەوە.

### 3 ـ ئەسینسیۆ:

ئەو بەهرەمەندەی دڵی جەماوەری ریال مەدریدی بردووە، نزیکترین یاریزانە شوێنی ڕۆناڵدۆ بگرێتەوە. ئەسینسیۆ گەڕایەوە ریال مەدرید، دوای ئەوەی یانەی شاهانە زانی کە نابێت چیدی لە دەرەوەی لیستی یانەکە بێت، لەبەر ئەو بەهرەو ئاستە ناوازەی هەیەتی. ئەسینسیۆ بە کردەوە بۆ زێدانی ڕاهێنەری ریالی سەلماندووە کە دەتوانێت پشتی پێببەستێت.

### 4 ـ گابریێل خیسۆس:

هێرشبەری تازەی مانچێستەر ستی، کە زوو درەوشایەوەو شوێنی خۆی لەسەر یاریگەکانی ئەوروپا قایمکرد، لەوانەیە ئامانجی داهاتووی ریال مەدرید بێت. خیسۆس توانی 3 گۆڵ تۆمار بکات و بە درێسی مانچێستەر ستی بدرەوشێتەوە، لەوەتەی لە یانەی پالمیراسەوە بە بڕی 27 ملیۆن پاوەند ڕووی لە یانەکە کردووە. لەوانەیە خیسۆس ئەو یاریزانە بێت، کە یانەی شاهانە بەدوایدا وێڵە، نەخاسمە ئەستێرەکانی بەرازیل بەردەوام لەگەڵ ریال مەدرید داهێنان دەکەن، وەک ڕۆناڵدۆی دیاردە، ڕۆبێرتۆ کارلۆس و مارسیلۆ.

### 5 ـ ئەنتۆنیۆ مارسیال:

ئەستێرەی مانچێستەر یونایتد، کە جەماوەری شەیاتە سوورەکان بە شوێنگرەوەی تێری هێنری ناوی دەبەن، لەوانەیە ببێتە ئامانجی ریال مەدریدیش. مارسیال لە مانچێستەر یونایتد لە باڵی چەپ یاری دەکات، کە هەمان شوێنی ڕۆناڵدۆیە، دەتوانێت وەک سەرەڕمیش یاری بکات.

## دوای کارەساتەکەی پاریس..

# لیستی ڕەشی بارسێلۆنا ئاشکرابوو

ئا: ڕووداوی وەرزشی

## «زۆر لە هاندەرانی بارسا گەشبین نین بەوەی بۆسکێس بگەڕێتەوە ئاستی جارانی»

ڕۆژنامەیەکی ئیسپانی بۆمبێکی گەورە دەتەقێنێتەوەو ئاشکرای دەکات، کە هاندەرانی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی چیدی بەرگەی مانەوەی هەندێک یاریزان لە ریزەکانی یانەکەیان ناگرن و داوا دەکەن لە یانەکەیان بڕۆن. ئەمەش دوای ئەو دۆڕانە گەورەیەی کە لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپادا بەرامبەر یانەی پاریس سانجێرمان فەرەنسی تووشی بوو.

ڕۆژنامەی مارکا ڕایگەیاند، هاندەرانی بارسا لیستێکی ڕەشیان کردووەتەوە، کە لە سەرووی لیستەکەوە، ناوی لویس ئێنریکی ڕاهێنەر دەبینرێت و لەگەڵ ئەودا ناوی چەند یاریزانێکیش هەیە، کە هاندەرانی بارسا نایانەوێ چیدی لە ریزەکانی یانەکەیاندا بمێننەوە.

مارکا، لەو بارەوە نووسیویەتی «ئێنریکی ڕاهێنەر و کۆمەڵێک یاریزانی بارسێلۆنا ناویان کەوتووەتە نێو لیستی ڕەش، دوای کارەساتەکەی پاریس و دۆڕان بە 4 گۆڵی خاوێن، لە میوانداری یانەکەی پایتەختی فەرەنسادا».

وەک مارکا باسی دەکات، ئەوەی زیاتر جێی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە جەماوەری بارسێلۆنا پشتی لە یەکێک لە باشترین یاریزانانی ئەو یانەیە کردووە، کە چەندین ساڵە لە نێوەڕاستی یاریگەدا ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە سەرکەوتن و دەستکەوتەکانی بارسا، ئەویش سێرجیۆ بۆسکێسە. مارکا دەڵێت «زۆر لە هاندەرانی بارسا پێیانوایە ئیدی بۆسکێس تواناکانی لەدەستداوەو بەهۆی ئەوەوە هێڵی ناوەڕاستی بارسا هێزی جارانی نەماوەو زۆر لە یانەکان لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی بارسادا بە ئاسانی دەتوانن کۆنترۆڵی ناوەڕاستی یاریگە لە بارسا وەربگرن».

مارکا ریزبەندی ناوەکانی ناو لیستە ڕەشەکەی بارسا ئاشکرا دەکات و دەڵێت «هاندەرانی بارسا نایانەوێ لە وەرزی داهاتوودا ئەو ناوانە لە یانەکەیان بمێننەوەو داوا دەکەن بە ڕاهێنەرێکی باشتر و کۆمەڵێک یاریزانی نوێ بیانگۆڕنەوە».

بەپێی ڕۆژنامەی مارکای مەدریدی، ریزبەندەکەی لیستی ڕەشی بارسێلۆنا بەمشێوەیە:

### پلەی یەکەم: لویس ئێنریکی:

بە شایستەیی لە سەرووی لیستی ڕەخنە لێگراوەکان هات، بەهۆی ئامادەنەکردنی یاریزانەکان بۆ شێوازی فشاری لە پێشی یاریزانانی سان جێرمانەوە. مارکا دەڵێت «زۆر دەمێکە هاندەرانی بارسا پشتیان لە ڕاهێنەری یانەکەیان کردووە، ئەوان ئەو ڕاهێنەرە بە هۆکاری خراپی ئاستی ئێستای بارسا دەزانن و پێیانوایە پلانەکانی ئەو هۆکاری دواکەوتنی بارسان لە لالیگای ئەمساڵدا».

### پلەی دووەم: ئەندرێ گۆمێز:

دەرکەوتنی خراپی بەرامبەر پاریس سانجێرمان لەسەر هەردوو ئاستی بەرگری و هێرشبردن، ئەو یاریزانە ناوەڕاستە پورتوگالییەی خستە پلەی دووەمی نێو لیستە ڕەشەکەوە، کە دەمێکە هاندەرانی بارسا لەو یاریزانە تووڕەن و تەنانەت میدیای کەتالۆنیش لە چەندین بۆنەدا باسی ئەوەی کردووە کە دەبێ نهێنی گرێبەستکردنی بارسا لەگەڵ یاریزانێکی خراپی وەک گۆمێز چی بێت. هەروەها سەرسوڕمانی خۆیان لەوە نیشان دەدەن کە ئێنریکی ڕاهێنەر لە هەموو یارییە بەهێزەکاندا وەک یاریزانی سەرەکی پشتی پێدەبەستێت.

### پلەی سێیەم: سێرجی ڕۆبێرتۆ:

ئەویش لە یارییەکەی پاریسدا بە ئاستێکی خراپ دەرکەوت و هەرگیز بەشداری لە لایەنی هێرشبردندا نەکرد، بێجگە لەوەی لەلایەن یۆلیان دراکسلەر و ئەنخێل دی مارياوە چەند جارێک یاری پێکرا. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەو ئێستا یاریزانێکی سەرەکی پێکهاتەی ئێنریکییە، کەچی بەدرێژایی ئەم وەرزە نەیتوانیوە ئاستێکی باش و شایستە بە بارسا پێشکەش بکات.

### پلەی چوارەم: سێرجیۆ بۆسکێس:

ئاستی بزمارەکەی هێڵی ناوەڕاستی بارسێلۆنا بە ڕوونی لە ساڵانی دوایی دابەزیوە، بۆیە نەیتوانی مامەڵە لەگەڵ بزیۆی و چالاکی دووانەی ناوەڕاستی پاریس ئەدریان ڕابیۆ و مارکۆ ڤیراتیدا بکات. زۆر لە چاودێران دابەزینی ئاستی بۆسکێس بە هۆکارێکی سەرەکی هەموو ئەوە دەزانن کە ئەمساڵ بەسەر بارسێلۆنادا دێت، بۆیە هەندێک لە هاندەرانی ئەو یانەیە گەشبین نین بە گەڕانەوەی بۆسکێس بۆ ئاستی جارانی، لەبەرئەوە داوای فرۆشتنی دەکەن.

### پلەی پێنجەم: ئیڤان ڕاکیتیچ:

ئەو ئەستێرە کرواتییە تاوەکو وەرزی ڕابردوو یەکێک بوو لە کاریگەرترین یاریزانانی بارسا، کەچی بەشێوەیەکی زۆر چاوەڕوان نەکراو ئاست و توانا جەستەییەکانی ئەو دابەزین. کە ڕۆژنامەکانی کەتالۆنیا لە زۆر لە یارییەکانی بارسێلۆنادا ئاستی ڕاکیتیچ بە «شەرمەزارانە» وەسف دەکەن. مارکا لەبارەی ئەوەوە دەڵێت «دیدی زۆربەی هاندەرانی بارسا سەبارەت بەو ئەستێرە کرواتییە نەرێنییە».



رووداو وەرزشی
ژمارە ( 438 )
سێشەممە 2017/2/21



## ڕاستە



سەرچاوەیەکی نزیک لە ئەردا تۆرانی یاریزانی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی ئەو دەنگۆیانە پشتڕاست دەکاتەوە کە باس لەوە دەکەن گوایە ئەو یاریزانە تورکییە خانوویەکی لە لەندەنی پایتەختی ئینگلتەرا کڕیوە. ئەو سەرچاوەیە دەڵێت «ڕاستە، تۆران خانوویەکی لە لەندەن و لە نزیک یاریگەی ستامفۆرد برێدچی تایبەت بە یانەی چێلسی کڕیوە». ڕۆژنامەکانی تورکیاش لەو بارەوە دەڵێن ئەم هەنگاوەی تۆران بەڵگەیەکی دیکەیە لەسەر ڕاستی ئەو دەنگۆیانەی باس لەوە دەکەن کە لە هاوینی داهاتوودا ئەردا دەچێتە چێلسی».



### دۆن ئێستا لە جاران باشترە..

# ڕۆناڵدۆ وازی لە خۆپەرستی هێناوە

"دۆن جاران پشتی بە خێرایی و توانای جەستەیی خۆی دەبەست، بەڵام ئێستا لەپێناو تیپەکەی یاریدەکات"

**رووداوی وەرزشی ـ MARCA**

ڕۆژنامەی ماركای ئیسپانی ڕاپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوە، کە تێیدا باس لە گەشەکردنی کەسایەتی و ئاستی ئەستێرەی پورتوگالی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دەکات، ئێستا لە جاران زیرەکترەو چیدی پشت بە توانای جەستەیی نابەستێت، هەروەها ئێستا لەپێناوی تیپەکەی کار دەکات و نایەوێ بەتەنیا یارییەکان یەکلایی بکاتەوە، ئەویش بۆ هەڵکشانی تەمەنی دەگەڕێتەوە.

ڕۆژنامەی مارکا ئاماژە بەوە دەکات، ڕۆناڵدۆ لە یاری ناپۆلی و یارییەکانی ئەم دواییەدا، دەریخستووە کە ژیرانە مامەڵە لەگەڵ تۆپ دەکات، بەڵام جاران هەوڵی دەدا پشت بە خێرایی و توانای جەستەیی خۆی ببەستێت، ئەوکاتەی لە لوتکەدا بوو.

ڕۆژنامەکە بۆ ڕاستی قسەکانی، گۆڵی دووەمی ریال مەدریدی بەرامبەر ناپۆلی بە نموونە هێناوەتەوە، کە ڕۆناڵدۆ بە ئارامی چووە نێو هێڵی سزا و چاوەڕێی کرد یاریزانێک بەربێتەوە، پاشان سەری بەرزکردەوە و پاسێکی نموونەیی دایە تۆنی کرۆس، کە ریال مەدریدی لە ئەنجامەکە پێشخست.

هەروەها مارکا زیاتر لەبارەی ڕۆناڵدۆوە دەڵێت «نەخشەی گەرمی ڕۆناڵدۆ لەو یارییەدا دەریخست، بەردەوام دەگەڕایەوە دواوە، تاوەکو وەک باڵی چەپ لە هێڵی ناوەڕاست یاری بکات، بۆ ئەوەی رووبەرەکان لەبەردەم ناپۆلی دابخات و لێنەگەڕێ هێرشی هەڵگەڕاوە بکات».

ڕۆژنامەی مارکای نزیک لە یانەی شاهانە، پێشبوایە گەشەکردن لە کەسایەتی و ئاستی ڕۆناڵدۆ لەو تەمەنەدا زۆر گرنگە، چونکە گەرەنتی مانەوەی لە بەرزترین ئاست لەگەڵ ریال مەدرید پێ دەبەخشێت، ئەگەر نەشتوانێت هەموو ساڵێک 50 گۆڵ تۆمار بکات.



# بردنەوە بۆ دی ماریا نەفرەت بۆ ڤان گاڵ


**رووداوی وەرزشی ـ MU4**

جەماوەری مانچێستەر یونایتد، دوای دەروشانەوەی یاریزانی ئەرجەنتینی ئەنخێل دی ماریا، ئەستێرەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی بەرامبەر بارسیلۆنای ئیسپانی بوونەتە دوو بەش، بەشێکیان گاڵتە بە ڕاهێنەری هۆڵەندی لویس ڤان گاڵ دەکەن، کە 2 ساڵ پێش ئێستا دەستبەرداری ئەو یاریزانە بوو، بەشێکیشیان بۆ ڕۆیشتنی دی ماریا لە ڕیزەکانی تیپەکەیان فرمێسک دەبارێنن.

جەماوەری یونایتد بە خێرایی بە درەوشانەوەی دی ماریا کاریگەر بوون، بۆیە چەندین تویتیان لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاوکردەوە، کە تێیدا هێرش دەکەنە سەر ڤان گاڵ، دوای ئەوەی دی ماریا لەو یارییەدا 2 گۆڵی تۆمارکرد. هاندەرێک دەڵێت «لەکۆڵکردنەوەی دی ماریا خراپترین کاری ڤان گاڵ بوو، بە تەواوی دەستبەرداری ئەو ئەستێرەیە بوو». یەکێکی دیکە بە گاڵتەوە دەڵێت «پێش نزیکەی 20 مانگ ڕاهێنەرێک هەبوو، دی ماریای لەپێناوی دی یۆنگ خستە سەر کورسی یەدەگەکانەوە، دەبێ ڕاهێنەرێکی چەند گەمژە بێت؟!».

تویتەکان بەوەندە نەوەستاون، یەکێک گوزارشتی لە تووڕەبوونی خۆی کردووەو نووسیویەتی «من لە ڕۆیشتنی دی ماریا زۆر تووڕەم، ڤان گاڵ وێرانی کردین». یەکێکی دیکەش بە گاڵتەوە دەڵێت «بینینی دی ماریا کە بەو شێوەیە دەدرەوشێتەوە، ڤان گاڵ و فەلسەفە بۆشەکەیم بیر دەخاتەوە».

مانچێستەر یونایتد لە هاوینی 2014 بەرامبەر بە نزیکە 75 ملیۆن یۆرۆ گرێبەستی لەگەڵ دی ماریای یاریزانی ئەوکاتی ریال مەدرید کرد، دواتر بە ساڵێک بەرامبەر بە 64 ملیۆن یۆرۆ بۆ بەرژەوەندی پاریس سانجێرمان دەستبەرداری بوو.



### ئەگەرچی ئەوەی مارادۆنا بۆ ئەرجەنتینی کردووە مێسی نەیکردووە..

# "مێسی لە بەراوردی نێوان مارادۆنا و ڕۆناڵدۆ گەورەترە"

**رووداوی وەرزشی ـ TANGO**

سەرۆکی پێشووی یانەی ناپۆلی ئیتاڵی لە لێدوانێکدا زۆر لە هەوادارانی ناپۆلی و دییێگۆ ئارماندۆ مارادۆنای ئەفسانەی ئەرجەنتینی تووشی شۆک کرد، کاتێک ڕایگەیاند «ناکرێت بەراورد لەنێوان مارادۆنا و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆدا بکرێت، بەڵام ئەو دەزانێت کە مێسی باشترین یاریزانە لە مێژوودا».

کوڕادۆ فێرلاینۆ، سەبارەت بەو گرێبەستەی کە لە ساڵی 1984 بەهۆیەوە مارادۆنای بردە ڕیزەکانی یانەی ناپۆلی، قسەی کردو گوتی «لە ڕاستیدا گرێبەستی هاتنی مارادۆنا بۆ ناپۆلی لە گرێبەستی چوونی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە مانچێستەر یونایتد بۆ ریال مەدرید گرانبەهاتر بوو، چونکە ئەو پارەیەی ئەوکات بە مارادۆنام دا، بەهاگرانتر بوو لەو پارەیەی ریال مەدرید بۆ کڕینی ڕۆناڵدۆ بە مانچێستەر یونایتدی دا».

ناپۆلی نزیکەی 5 ملیۆن یۆرۆی دا بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ مارادۆنا، کە ئەوکات بووە گرانترین یاریزان لە مێژووی تۆپی پێدا. لەو بارەوە فێرلاینۆ دەڵێت «ئەوکات ڕەخنەیەکی زۆرم لێگیرا، کە چۆن ئەوەندە پارە بە یاریزانێک دەدەم، بەڵام پارەکە پارەی خۆم بوو و پێمدا».

لە درێژەی قسەکانیدا، سەرۆکی پێشووی ناپۆلی ڕازی نەبوو بەراورد لەنێوان مارادۆنا و کریستیانۆدا بکات، بەڵام هەمووانی تووشی شۆک کرد، کە لە کاتی قسەکردن لەسەر مارادۆنا و ڕۆناڵدۆ، ناوی مێسی خستە نێو قسەکانی و گوتی «ناکرێت بەراورد لەنێوان مارادۆنا و کریستیانۆدا بکەین، بەتایبەتی کە شوێنی یاریکردنی ئەو دووانە جیاوازە، بەڵام بەدڵنیاییەوە مێسی باشترین یاریزانە لە مێژوودا».

کوڕادۆ فێرلاینۆ، زیاتر قسەکانی خۆی ڕوونکردەوەو گوتی «ئەگەرچی ئەوەی مارادۆنا بۆ ئەرجەنتینی کردووە مێسی نەیکردووە، بەڵام وەک یاریزان لە مێژوودا کەس لە مێسی باشتر نەبووە». ئەم قسانەی فێرلاینۆ جێگەی سەرسوڕمان بوون، چونکە ئامادە نەبوو بەراورد لەنێوان مارادۆنا و ڕۆناڵدۆدا بکات، کەچی لە کاتی قسەکردن لەسەر مێسی زۆر بە ئاسانی مێسی لە هەمووان گەورەتر کرد.

# کوڕە کوردەکە دەبێ... قۆچی قوربانی

**رووداوی وەرزشی ـ BBC**

ئیرکت سۆجت، بەڕێوەبەری کارەکانی مەسعود ئۆزێلی ئەستێرەی ئەڵمانی بەڕەگەز کوردی یانەی ئارسیناڵی ئینگلیزی ئاشکرایکرد، ئۆزێل وا هەست دەکات لە ئارسیناڵ بووەتە قۆچی قوربانی.

دوای ئەوەی ئارسیناڵ شەقێکی دیکەی بەهێزی بەرکەوت، بەدۆڕانی بە 5 گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک، بەرامبەر بایرن میونشن لە چامپیۆنزلیگدا، ڕەخنەی زیاتر ئاراستەی ڕاهێنەر و یاریزانان کران، کە بەشی زۆری ئەو ڕەخنانە بۆ یاریزانە کوردەکە بوون. بەڵام بەڕێوەبەری کارەکانی ئۆزێل لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ تۆڕی BBC ئاشکرایکرد، مەسعود هەست بە ستەم دەکات، چونکە دوای هەر دۆڕانێک دەبێتە قۆچی قوربانی لە یانەکە «ڕەخنەگرتن لە تۆپی پێ شتێکی ئاساییە، ئەگەر یاریزانەکە خراپ بێت». ناوبراو هەروەها گوتی «ئۆزێل وا هەست دەکات هەموو چاو دەخەنە سەر ئاستی ئەو، ئەوان بۆ زنجیرە ئەنجامە خراپەکانی تیپەکە وەک قۆچی قوربانی بەکاری دێنن». هەروەها گوتیشی «کۆنترۆڵی تۆپی بایرن 74% بوو، یاریزانێک کە لە شوێنی ژمارە 10 (پلەی مەیکەر) یاری بکات، چۆن دەتوانێت دەرفەت دروست بکات، ئەگەر تۆپ لەلای ئەو نەبێت؟».

ئیرکت سۆجت، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد «لەو جۆرە بۆنانەدا زیاتر چاو دەخرێتە سەر ئەو یاریزانانەی، کە پارەی زیاتریان پێدراوە، ئۆزێلیش بەمجۆرە تۆمەتبارکراوە». هەروەها گوتیشی «بەڵام ناکرێ بەردەوام ئۆزێل قۆچی قوربانی بێت لە ئارسیناڵ. ئەوە دادپەروەرانە نییە. تۆپی پێ یارییەکی بەکۆمەڵەو ئارسیناڵیش وەک یەک تیپ بەباشی یاری ناکات، بۆچی لەنێو 11 یاریزاندا تەنیا ڕەخنە لە ئۆزێل دەگرن؟!».

## جوانترین لێدوان...



دوای ئەوەی من لە یانەی پاریس سانجێرمان ڕۆیشتم، ئێستا هەواڵەکان لەسەر ئەو یانەیە و لەسەر خولی فەرەنساکەم بوونەتەوە

زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ
(ئەستێرەی یانەی مانچێستەر یونایتد)



یارییەکەی ئارسیناڵ و بایرن میونشنم لە فڕۆکەخانە سەیر دەکرد، بایرن هەر گۆڵێکی دەکرد وەک ئەوەبوو بۆکسێک بکێشن بە دەموچاومدا

محەممەد فەرەح
(ڕاکەری بەناوبانگی بەریتانی)



ئەوەی ڕەخنە لە مێسی دەگرێت گەمژەیە، بێگومان ئەو یاسایە بەسەر دیبالاشدا جێبەجێ دەبێت، چونکە ئەویش وەک مێسی لێدەدێت

ماوریزیۆ زامبرینی
(سەرۆکی یانەی پالێرمۆ)



من لە تەمەنی 3 ساڵیدا عاشقی تۆپی پێ بوومە، بەردەوامیش دەبم لە یاریکردن تاوەکو ئەوکاتەی نەتوانم قاچ لە تۆپ بدەم

لیۆنێل مێسی
(ئەستێرەی یانەی بارسیلۆنا)



هەوڵمدا ژنێکی دیکە بێنم و ژیانی خۆم نوێ بکەمەوە، بەڵام نەمتوانی، چونکە ناتوانم هاوسەری کۆچکردووم لەبیر بکەم و لەگەڵ ژنێکی دیکە بژیم

فلۆرەنتینۆ پیرێز
(سەرۆکی یانەی ریال مەدرید)



ئەگەر یانەیەک هەبێت دوای دۆڕانێکی گەورە لە یاری چووندا، لە یاری گەڕانەوەدا بتوانێت بگەڕێتەوە تەنیا بارسیلۆنایە

پیپ گواردیۆلا
(ڕاهێنەری یانەی مانچێستەر ستی)

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (438)
سێشەممە 2017/2/21

## درۆیە



مانوێل نویەری گۆڵپارێزی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی، ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکاتەوە کە باس لە بوونی دانوستان لەنێوان خۆی و پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەری یانەی مانچێستەر ستی دەکەن بۆ چوونە ریزەکانی یانە ئینگلیزییەکە. نویەر لەو بارەوە گوتی «درۆیە، من بەهیچ شێوەیەک لەو بارەوە قسەم لەگەڵ گواردیۆلا نەکردووە، ئەوە تەنیا قسەی بێ بنەمای ڕۆژنامەکانە، من لەگەڵ بایرن میونشن زۆر دڵخۆشم، ڕێز لە گرێبەستەکەم لەگەڵ یانەکەم دەگرم، هیچ بایەخ بەو درۆیانە نادەم، من زۆر ئاسوودەم».



مۆراتا بۆ بریکارەکەی:

# یانەیەکم بۆ بدۆزەوە ڕیالم ناوێ

**ڕووداوی وەرزشی ـ THE SUN**

ڕۆژنامەیەکی بەریتانی ئاشکرای دەکات ئەلڤارۆ مۆراتای هێرشبەری ئیسپانی بێزاربووە لەو بارودۆخەی ئێستا لەگەڵ یانەی ریال مەدرید بەسەردەبات و دەڵێت «مۆراتا بە بریکارەکەی گوتووە یانەیەکی دیکەم بۆ بدۆزەوە».

ڕۆژنامەی THE SUNی بەریتانی دووپاتی دەکاتەوە، ئەلڤارۆ مۆراتا هێرشبەری ریال مەدریدی ئیسپانی، دەیەوێ لە ماوەی گواستنەوەی هاوینەدا لە ریزەکانی یانەکەی بڕوات، چونکە چیدی بەرگەی ئەوە ناگرێت لە زۆربەی یارییەکاندا لەسەر کورسی یەدەگ بمێنێتەوە.

ڕۆژنامەکە ئاماژە بەوە دەکات، مۆراتا بە بریکارەکەی ڕاگەیاندووە بەدوای یانەکەی تازەدا بگەڕێت بۆ ئەوەی لە میرکاتۆی هاوینەدا لە ریال مەدرید بڕوات بۆ وەرزی داهاتوو لە ریزەکانی یاری بکات. لەو بارەوە ڕۆژنامەکە نووسیویەتی «مۆراتا ئارامی لە ڕاهێنەرەکەی زەینەدین زیدان نەماوە، کە بەردەوام لەسەر کورسی یەدەگەکان دایدەنیشێنێت، تەنیا لە 7 یاری لیگا وەک یاریزانی سەرەکی یاریکردووە، بۆیە بە بریکارەکەی گوتووە ریالم ناوێ». هەروەها ڕۆژنامەی سەن ڕوونیشی کردووەتەوە «مۆراتا دەیەوێ لە ریزەکانی مێرینگێ بڕوات، تاوەکو زیدان بە ڕاهێنەری یانەکە مابێتەوە، ئەوەش هیوای بە یانەکانی ئارسیناڵ و چێڵسی ئینگلیزی بەخشیووە، کە دەیانەوێ مۆراتا بیبەنە ریزەکانیان».



# ئەوانەی بە کەوتنی بارسا دڵخۆشترین بوون

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

کەوتنی کارەساتباری بارسێلۆنا لە قۆناخی 16ی چامپیۆنسلیگ بەرامبەر پاریس سانجێرمان، بەدڵنیاییەوە بۆ هەندێ ئەستێرەی ئەوروپا دڵخۆشی بوو، لەبەر ئەو ڕقە زۆرەی لە ناخیان بەرامبەر بارسا هەیە، بەڵام چاودێران مەزندەی ئەوە دەکەن ئەو شکستەی بارسا بۆ 5 کەس زۆرترین تام و چێژی هەبوبێت، کە ڕیزبەندەکەیان بەمشێوەیە:

### پیپێ

گاشەبەردی بەرگری هەڵبژاردەی پورتوگال و ریال مەدرید، ئەستەمە بتوانێت ڕقی خۆی بەرامبەر بارسێلۆنا بشارێتەوە، بەردەوام بە ئەنقەست بەگژ یاریزانەکانی دادەچوو و تووشی پێکانی کاریگەری دەکردن، وەک دانی ئەلڤێش و لیۆنێل مێسی. ئەو دۆڕانە گەورەیەی بارسا بۆ پیپێ زۆر گرنگە، چونکە بەردەوام هیوای دۆڕان بۆ ڕکابەرە کەتالۆنییەکەی دەخوازێت.

### سێرجیۆ ڕامۆس

شکست و تووڕەکردنی بارسێلۆنا سیمایەکی بنەڕەتی کاروانی وەرزشیی کاپتنی ریال مەدریدە، بەو گوزارشتەی دوژمنی سەرسەختی ریالە، بەهۆی پەیوەندی خراپیشی لەگەڵ جیرارد پیکێی بەرگریکاری بارسا، ئەو دۆڕانە شەرمەزارییە بەرامبەر سانجێرمان، خەندەی خستووەتە سەر لێوەکانی ڕامۆسەوە.

### کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ

ئەستێرەی ریال مەدرید و باشترین یاریزانی جیهان، یەکەم سەرسوڕماوی ئەو ئەنجامە قورسەیە، کە دڵی خۆش دەکات، بەهۆی ئەو ڕکابەرییە توندەی لەگەڵ ڕکابەرە هەمیشەییەکەی تیپەکەی ریال هەیە، زێدەباری ئەو ڕکابەرییە کەسییەی لەگەڵ لیۆنێل مێسی، لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی زیاتر و تۆمارکردنی ژمارە پێوانەییەکان، لەدژی یەکدی هەیانە.

### خۆزێ مۆرینیۆ

ڕاهێنەری مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی، ئەو ماوەیەی ڕاهێنەری ریال مەدریدی بوو، زۆر ڕقی لە بارسێلۆنا دەبووەوە، ئێستا هەستی خۆشی بەسەریدا زاڵە، دوای دۆڕانی بارسا بە 4 گۆڵی خاوێن بەرامبەر پاریس سانجێرمان لە چامپیۆنسلیگدا.

### زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ

هێرشبەری مان یونایتد، یەکێکە لە دیارترین ئەستێرەکانی نەوەی ئێستای تۆپی پێ لە سەر ئاستی جیهاندا، مێژووی زلاتان بە ژمارە و نازناوەکان لەگەڵ هەموو ئەو یانانەی یاری بۆ کردوون نەخشێندراوە، بەڵام لەنێو بارسێلۆنا بەهۆی گواردیۆلاوە بە شکست خواردوو تۆمەتبارکرا، چونکە بەشێوەی سەرەکی پشتی پێ نەدەبەست و لە ریزەکانی یانەکە فەرامۆشی کردبوو، بۆیە بەدڵنیاییەوە زلاتان بە دۆڕانە دڵخۆشە، ئەوەشی بخە سەر یاریزانی پێشووی پاریس سانجێرمان بوو.





# لیڤا بە 50 یۆرۆ بووەتە هێرشبەرێکی بەتوانا

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

ڕۆبەرت لیڤاندۆڤسکی، هێرشبەری پێشووی یانەی بورۆسیا دۆرتمۆند و ئێستای بایرن میونشنی ئەڵمانی، نهێنییەکی نێوان خۆی و ڕاهێنەرە کۆنەکەی، یۆرگن کلۆپ ئاشکرا دەکات و دەڵێت «ئەو بە پلانێکی سەرسوڕهێنەر منی کردە هێرشبەرێکی بەتوانا».

لیڤاندۆڤسکی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کلۆپی ڕاهێنەرە کۆنەکەی شێوازێکی سەیر و سەرسوڕهێنەری هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ یاریزانەکانی و هاندانیان بۆ پەرەپێدانی تواناکانیان و دەڵێت «من یەکێکم لەو یاریزانانەی کلۆپ بە شێوازێکی سەرسوڕهێنەر وایلێکردم تواناکانم لە گۆڵکردن بەرز بکەمەوە».

ئەو هێرشبەرە پۆڵەندییە، باسی ئەو شێوازەی کلۆپ دەکات و دەڵێت «کلۆپ هەمیشە گرەوی لەگەڵ دەکردم لەسەر 50 یۆرۆ، دەیگوت ئەگەر وابکەی، گۆڵ بکەی، چی و چی بکەی 50 یۆرۆت پێدەدەم، ئەگەر نەیکەی 50 یۆرۆم پێدەدەی». هەروەها دەشڵێت «سەرەتا هەمیشە گرەوەکانم دەدۆڕاند، بەڵام دواتر خۆم ماندووتر دەکرد بۆ ئەوەی بیبەمەوە، هەر ئەوەش ڕوویداو وایلێکردم تواناکانم لە گۆڵکردن پێشبخەم، ئیدی زۆر گرەوم لێیبردەوە».

لیڤا، کە لە 4 وەرزدا 103 گۆڵی بۆ بورۆسیا دۆرتمۆند تۆمارکرد، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە کلۆپ بەو ڕێگەیە توانی ئەو بکاتە گۆڵکەرێکی باشتر «بەو شتە کلۆپ وایلێکردم زۆر بە ئاسانی گۆڵ لە تیپەکانی بەرامبەر بکەم».

## ...ەکانی هەفتە



لە وەرزی ڕابردووەوە بەرە بەرە کواڵیتی بارسێلۆنا ڕوو لە دابەزینە، ئەوەندە نەماوە کۆتایی بە سەردەمی باڵادەستی بارسا بێت

بێرند شۆستەر
(ڕاهێنەری پێشووی ریال مەدرید)




ئەگەر من لەجیاتی گواردیۆلا بوومایە، لەمێژبوو دەرکرابم، ئەو وایدەزانی بەجیاوازی 15 خاڵ نازناوی خولی ئینگلیزی دەباتەوە، نەیدەزانی ئەوە پرێمەرلیگە

مانوێل پیلیگرینی
(ڕاهێنەری پێشووی مانچێستەر ستی)



من هەرگیز لەو گۆڵپارێزانە نیم کە ڕامۆس بتوانێت لە خولەکی 93 گۆڵم لێبکات، یان بوێرێت بە شێوازی پانیگا لێدانی سزام لەدژی جێبەجێ بکات

ئیکەر کاسیاس
(گۆڵپارێزی یانەی پۆرتۆ)



لە هەموو ژیانمدا نەمبینیوە تیپێک وەک ئارسیناڵ کە ڕووبەڕووی بایرن میونشن بووەوە، بە خراپی یاریبکات، وابزانم یاریزانانی ڕێنماییەکانی ڕاهێنەریان جێبەجێ نەکردبوو

ئۆلیڤەر کان
(گۆڵپارێزی پێشووی بایرن میونشن)



لیۆنێل مێسی هێندە گەورەیە، ئەو یاسایەی بارسێلۆنای شکاندووە کە دەڵێت یانە لە هەر یاریزانێک گەورەترە

خاڤێر ماسکیرانۆ
(یاریزانی یانەی بارسێلۆنا)



بارسێلۆنا هەرگیز باشترین یانەی جیهان نییە، ئەوە درۆیەکی گەورەیە، هەر کەسیش وابڵێت بەدڵنیاییەوە درۆ دەکات

لویس فێرناندێز
(ڕاهێنەری پێشووی پاریس سانجێرمان)



ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 438 )
سێشەممە 2017/2/21





**یەکەمجارە لە مێژوودا**

بۆ یەکەمجارە لە مێژوودا ڕوویدات، ژنێک ببێتە ڕاهێنەری تیپێکی پیاوان لە پاڵەوانییەتیە کیشوەرییە فەرمییەکاندا، کە چان یۆن تینگ ڕاهێنەرایەتی یانەی ئیسترنی هۆنگ کۆنگی دەکات و لە چوارچێوەی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیادا ڕووبەڕووی یانەی گوانجزۆی چینی دەبێتەوە، کە لویس فیلیپی سکۆلاری ڕاهێنەری بەناوبانگی بەرازیلی سەرپەرشتی یانە چینییەکە دەکات و پێشتر دوو نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیای بردووەتەوە . چان کە تەمەنی 28 ساڵە توانیویەتی لەگەڵ یانەکەی نازناوی خولی نایابی هۆنگ کۆنگ بباتەوە .

چامپیۆنزلیگ بەردەوامە..

# شەوی خۆسەلماندنی فەیلەسوفە و دوا هەلیشە بۆ ئیتاڵییەکان




**شرۆڤە: سەفین تەها**

دوای ئـەوەی لـە یارییەکانـی هەفتـەی ڕابردووی خولـی یانـە پاڵەوانەکانی ئەورووپادا چەند ئەنجامێکی گەورە و مێژوویی، لە هەمان کاتیشدا چاوەڕواننەکراو تۆمارکران، ئێسـتا نۆرە گەیشـتووەتە ئەو تیپانەی کە ڕێگای بەردەمیان تاسەی کەمترەو ئیدی کاتی درەوشانەوەیان هاتووە .

## یارییەکانی سێشەممە 21/2/2017

### مانچێستەر سیتی ـ مۆناکۆ

### «فەیلەسووف، کاتی فەلسەفەکانتە»

قسەی دڵی هەموو شینپۆشەکانی بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری مانچێستەر ئەوەیـە کە بەیـەک دەنگ دەڵێن «چاوەڕێی دەسـت و دیارییەکەی پێپ گواردیۆلایـن» . ڕاهێنـەرە شیکپۆشـەکەی مان سـیتی باشـترین هەلی لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی بۆ هەمووانی بسەلمێنێت کە ئەوەی لەگەڵ بایرن مونشن ڕوویدا، تەنیا مۆتەکەیەک بووە .

هەوادارانی سیتی بە گواردیۆلا دەڵێن «جەنابی فەیلەسووف ئیدی کاتی فەلسەفەکانتە »، ئاخر ئەوە قسەیەکی بێ مانایە کە هەموو ڕاهێنەرەکان بە گواردیۆلاشەوە کە سەرەتای وەرز ئاماژە بەوەدەدەن کە ساڵی یەکەم تەنیا تیپەکە ڕێکدەخاتەوەو لە سـاڵانی دووەم و سێیەمدا مافی لێپێچینەوەتان هەیە لە دەسـتبەتاڵبوونی دەستکەوتەکان، پێپ لە یەکەم ساڵیدا لەگەڵ بارسا 6 دانە نازناوی بەنرخی خستە خەزێنەکەی کامپ نۆوە، کەچی لە 3 ساڵی تەمەنی ڕاهێنەرایەتیداو بە کۆمەڵێک ئەستێرەی مەزنی تۆپی پێوە، نەیتوانی تەنانەت بگاتە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ، کە ئەمە خەونی هەرە گەورەی باڤارییەکان بوو، یان هەر هیچ نەبووایە دەستکەوتەکانی هاینکسی دووبارە کردبایەتەوە، ئێسـتا پێپ بە تیپێکی گەورەو کۆمەڵێک یاریزانی لێهاتووەوە ئامادەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەو داواکارییەی کە هاندەرانی سیتی لـە مێژوویاندا تەنیا جارێکیش نەیاندیوە بەدەسـتیبهێنن، ئەویش خولی پاڵەوانەکانی ئەورووپایە .

مان سیتی لە ئەرکێکدا کە هەندێک پێیانوایە ئاسانە دەبێتە میوانداری مۆناکۆ، بەڵام ئایا مۆناکۆ ئەوەندە ئاسانە ؟ ئەو تیپەی کە خاوەن بەهێزترین هێڵی هێرشبەرە لەسەر ئاستی 5 خولە گەورەکەی ئەورووپا، جگە لەوەش یەکەمـی خولی فەرەنسـایە، مان سـیتی باش ئـەوەی کردووەتە گوارەو لـە گوێی کـردووە کە مۆناکۆ دەتوانێت هەمان کاری پاریسـیان بەرامبەر ئەنجام بدات، هەر بۆیە بەهیچ شـێوەیەک یارییەکە ئەوەندە ئاسـان نییە کە پێشبینی دەکرێت، چونکە یاری یەکەم لە خاکی سیتییە، کە سەرەتا دەبێت گۆڵەکەیان بپارێزن ئینجا بەرەو گۆڵکردن هەنگاوبنێن.

ئـەوان خاوەنـی فالـکاون کـە لـە 28 یاریـدا 22 گۆڵـی هەیـە، لەو بەریشەوە سێ یاریزانی دانتیژ هەن کە لە هەموو کاتێکدا توانای گەستنی بەرامبەرەکەیان هەیە .

#### ئامارەکان

- ❊ ئەمە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ئەم دوو یانەیەیە .
- ❊ مان سـیتی هەرگیـز بەرامبەر بە یانە فەرەنسـییەکان نەدۆڕاوە، 2 بەرامبەربوون و 1 بردنەوە .
- ❊ هەر سێ یارییەکەی سیتی بەرامبەر بە پاریس سانجێرمان بووە .
- ❊ لـە قۆناخـی چـوون و هاتنـدا، مۆناکۆ 3 جـار بەرامبـەر بە یانە ئینگلیزەکان یاریکردووەو کراوەتە دەرەوە، 98/1997 مانچێستەر یونایتد، 04/2003 چێلسی و 15/2014 ئارسینال.
- ❊ مۆناکـۆ تەنیـا یـەک یـاری لـە دەرەوەی یاریگەی خـۆی بە یانە ئینگلیزەکان دۆڕاوە، 2 بەرامبەربوون 2 بردنەوە .
- ❊ یەکەمجارە لە ژیانی ڕاهێنەرایەتی پێپ گواردیۆلادا بە پلەی دووەمی کۆمەڵەکەی بگاتە قۆناخی 16 .
- ❊ چـوارەم جـارە لە مێـژووی مۆناکۆدا بە پلەی یەکـەم دەگاتە ئەم قۆناخە . (04/2003، 05/2004، 15/2014، 17/2016
- ❊ مان سیتی لە دوایین 8 یاریدا لە نێو یاریگەی خۆی لە چامپیۆنزلیگدا نەدۆڕاوە، 5 بردنەوەو 3 بەرامبەربوون.
- ❊ مۆناکـۆ لـە دواییـن 7 یاریدا لـە قۆناخی چوون و هاتنـدا 5 یاری دۆڕاندووەو 2 بردنەوە لەگەڵ 2 یەکسانبوون.
- ❊ مۆناکۆ و مان سیتی هەردووکیان لەم وەرزەی چامپیۆنزلیگدا تەنیا یەک کلینشیتی (گۆڵپاکی) یان هەبووە .
- ❊ سێرجیۆ ئەگوێرۆ لە دوایین 6 یاریدا لە چامپیۆنزلیگدا تەنیا لە یەک یاریدا گۆڵی کرد، ئەویش بەرامبەر بە میونشنگلادباخ بوو کە توانی هاتریک بکات، لە دوای ئەوە 522 خولەکە تۆڕی نەهەژاندووە .
- ❊ فالکاو لە سـەرجەم چامپیۆنزلیگەکاندا 10 یاری کردووە، 6 گۆڵ و یەک ئاسیستی هەیە .

### لیڤەرکۆزن ـ ئاتلێتیکۆمەدرید

### «سیمیۆنی بیسەلمێنە یان چۆڵی بکە»

ئیدی کاتی ئەوەیە سـیمیۆنی بیسەلمێنێت، یانیش ئەگەر پێینەکـرا، بە زمانێکی پـاراوی ئەرجەنتینی پێی بڵێن چۆڵی بکات، ئاخر ئاستی ئەمساڵی ئاتلێتیکۆ مەدرید هی ئەوە نییە کە پێشـڤەچوونی پێوە دیاربێت، یانیـش زۆر ئازایانە پەنجە بخەینەسـەر برینەکان و بڵێین ئیدی سـەردەمی جەنەڕاڵەکە بەرەو کۆتایی دەچێت.

ئەمساڵ دوا ساڵی سیمیۆنییە لەگەڵ ئاتلێتیکۆ، بە ئاست و ئەنجامەکانیدا دیارە کە خۆی لە جام و خولی ئیسپانیا بەدوور گرتووەو هەموو هەوڵێک بۆ ئەوە دەدات شتێک لە چامپیۆنزدا بکات بە شـتێک و هەڵەی گەورەی سـاڵانی ڕابـردوو دووبارە نەکاتەوە .

#### ئامارەکان

- ❊ دووجار تاوەکو ئێستا لە چامپیۆنزدا بەیەک گەیشتوون، لە هەر چوار یارییەکەدا لە هەموو شتێک یەکسان بوون، ساڵی 2010 لە یاری چوون و هاتندا 1 ـ 1 و 1 ـ 1 یەکسان بوون، سـاڵی 2015ش 1 ـ 0 یـاری یەکـەم و0 ـ 1 یـاری دووەم، ئاتلێتیکۆ بە لێدانی یەکلاییکەرەوە سەرکەوتن.
- ❊ لە سەردەمی سیمیۆنیدا، ئاتلێتیکۆ هەموو جارێ ئەم قۆناخەی بڕیوە
- ❊ لە دوایین 6 وەرزەدا، لیڤەرکۆزن 5 جار گەیشتووەتە ئەم قۆناخە، بەڵام لە 2001ەوە نەیبڕیوە .
- ❊ لـە دواییـن 9 یـاری لیڤەرکۆزنـدا لە قۆناخـی چوون و هاتندا، تەنیا 1 بردنەوەی هەیەو 8 دۆڕانیشی تووش بووە، ئەو بردنەوەیەش بەرامبەر بە ئاتلێتیکۆ بوو لە 2015 .
- ❊ ئانتوان گریزمان بەشداری لە 54%ی گۆڵەکانی ئاتلێتیکۆ مەدرید کردووە لەم وەرزەی چامپیۆنزلیگدا .
- ❊ ئەستێرەی یانەی لیڤەرکۆزن ئەمساڵ لێی قەوماوەو تەنیا یەک گۆڵی هەیە، مەبەستمان خاڤییر هێرناندێز چیچاریتۆیە .

**ئەوانەی یاری ناکەن لە سیتی**

گابرێل خیسۆس (پێکان)
ئیلکای گۆندوگان (پێکان)
ڤینسێنت کۆمپانی (پێکان )

**ئەوانەی یاری ناکەن لە مۆناکۆ**

گابرییێل بۆشیلیا (پێکان)
مارسێلۆ کارییۆ (لەوانەیە یاری نەکات)
جێمێرسۆن (کارتی سوور)

## یارییەکانی چوارشەممە 22/2/2017

### پۆرتۆ ـ یوڤێنتوس

### «ئەگەر ئەمساڵ نەیکات، دەریبکەن»

ئەوا ماوەی 5 سـاڵە، هیچ تیپێک لە ئیتاڵیا ئەوەندەی یۆڤی بەهێز نەبووە، وەک بڵێی هێزی هەموو ئیتاڵیایان لەو یانەیەدا کۆکردبێتەوە، سـاڵی 2015 کە گەیشـتنە یـاری کۆتایی چامپیۆنزلیـگ، ڕەنگە وەک تاک بە تاکی یاریزانەکانی ئەو کاتە نەگەنە ئاسـتی ئـەم پێکهاتەکەی ئەمسـاڵ کە لـە جیاتی یەک پێکهاتە دووان و سیانیشـی لـێ دروسـتدەکرێت، بەڵام ئەوەی کە خاڵی جیاکەرەوە بوو لـەو نێوەندەدا، هەبوونی هاوئاهەنگییەکی زۆر بوو لەنێوان یاریزانانی ئەوکاتەو نەبوونی لە کاتی ئێستادا .

پۆرتۆ لە کۆمەڵەکەی لیسـتەردا بوو، ئەویش باروودۆخی لەو پەڕی باشـیدا نەبوو، بەڵام هەرچۆنێک بێت بەهۆی ئاستی خولەکەیەوە، ئەو تیپە شین پۆشەی لێدەرچووە کە بووەتە ناوێکی دیار لە سەرجەم ڤێرژنەکانی یۆفا چامپیۆنزلیگ.

#### ئامارەکان

- ❊ لە مێژوودا، یوڤێنتوس بەرامبەر بە پۆرتۆ نەدۆڕاوە، 2 بردنەوەو 1 بەرامبەربوون.
- ❊ هیـچ یانەیەکـی ئیتاڵی لە دوایین 5 سـەردانیاندا بۆ پۆرتوگال سـەرکەوتنیان بەدەستنەهێناوە .
- ❊ لە سـاڵی 2013ەوە، یوڤێ بەیەکەمی کۆمەڵەکەی نەگەیشـتبووە قۆناخی 16 چامپیۆنزلیگ، ئەمساڵ کردی .
- ❊ لە دوایین 14 یاریدا لە یاریگەی خۆی، پۆرتۆ تەنیا یەک یاری دۆڕاوە، 7 بردنەوەو 6 بەرامبەربوون .
- ❊ یوڤێ تاکە یانەیە لەم وەرزەی چامپیۆنزلیگدا کە هەرسێ یارییەکەی لە دەرەوەی یاریگەی خۆی بردبێتەوە، 8 گۆڵی کردووەو 1 گۆڵی لێکراوە .
- ❊ هیچ تیپێک بەقەد یۆڤی گۆڵی کەم لێنەکراوە لەم وەرزەدا، 2 گۆڵ لە 6 یاریدا .
- ❊ هیگوایـن لـە 20 یاریدا لە قۆناخی چوون و هاتنی چامپیۆزلیگدا تەنیا 2 گۆڵی کردووە .

### سیڤییا ـ لیستەر سیتی

### «ماڵوێران بوون یان وەڵامێکی بەهێز»

ئەوەی بەسـەر لیسـتەردا دێت لەم وەرزەدا، شـتێکی مێژووییە، ئەوان خراپترینی 2017، هیچ گۆڵێکیان لەم ساڵدا نەکردووە، ئەوەی ڕاهێنەرەکەی ئەوانی هێشتووەتەوە تەنیاو تەنیا ئەم یارییە کە بەرامبەر سیڤییا دەیکات، وەک ئاشکراشە ڕانییێری دەستی لـە هەموو شـتێک بەرداوە تەنیـا کار بۆ ئەوە دەکات کە ببێتە ئەسـپێکی ڕەش لەم پاڵەوانیەتییـەدا، ئەگەر لەم قۆناخەدا لیسـتەر ماڵئاوایی بـکات، ئەوا ڕانییێری هەموو ئەوانی کینگ پاوەرز ماڵوێران دەبن، بەڵام ئەگەر ئەوە ڕوونەدات، ئەوا بەخت چانسێکی دیکە بە لیستەر دەبەخشێت و پێمان دەڵێت کە ئەوەی ئێوە کردتان لە ساڵی ڕابردوودا، بەخت نەبوو بەڵکو لێهاتووییتان بوو.



### ئیکەر کاسیاس

- تەمەن: 35 ساڵ
- یاریکردن: 18 وەرز
- یاری: 150 ریال مەدرید، 12 پۆرتۆ
- یارییـەکان: 162 یـاری، 95 بردنەوە، 32 بەرامبەر، 35 دۆڕان
- کلین شیت (گۆڵپاکی): 57
- گۆڵی لێکراوە: 177
- کارتی سوور : نییە
- کارتی زەرد : 5
- باشـترین ئەنجـام: 3 جار پاڵەوان بـووە 2000، 2002 ، 2014
- زۆرترین کلین شیت 486 خولەک / چوار یاری
- درێژترین ماوەی بردنەوە: 8 یاری 2014 ـ 2015
- زۆرترین نەدۆڕان: 13 یاری 2001 ـ 2002
- زۆرترین نەبردنەوە : 5 یاری 2002 ـ 2003



### جیانلویجی بوفۆن

- تەمەن: 39 ساڵ
- یاریکردن: 13وەرز
- یاری: 95 یاری لەگەڵ یوڤێنتوس / 6 یاری لەگەڵ پارما
- یارییەکان: 101 یاری / 45 بردنەوە / 30 یەکسان / 26 دۆڕان
- کلین شیت ( گۆڵپاکی) : 42 یاری
- گۆڵی لێکراوە : 98
- کارتی سوور: نییە
- کارتی زەرد: 2
- باشـترین ئەنجام: 2 جـار دووەم 2003 و 2015
- زۆرتریـن خولـەک کلیـن شـیت: 559 خولەک/ 5 یاری
- زۆرترین سەرکەوتن لەسەریەک : 5 یاری


KOREK Telecom

# لە پەیوەندییەکی نەپچڕاودا بمێنەوە لەگەڵ پاکێجە نایابەکانی فەیسبووك لە كورەك




ئێستا لە (کورەك)ەوە، پاکێجەکانی فەیسبووك بەدرێژایی کات لە پەیوەندیت دەهێڵێتەوە.
پاکێجێك هەڵبژێرە:

| پاکێج | قەبارە | نرخی بەشداریکردن | بەردەستبوون (ڕۆژ) |
|---|---|---|---|
| هەفتانە | 300 مێگابایت | 3000 د.ع | 7 |
| ڕۆژانە | 50 مێگابایت | 1000 د.ع | 1 (24 کاتژمێر) |

چێژ لە سەرجەم تایبەتمەندییەکانی فەیسبووك و فەیسبووك ماسنجەر وەربگرە.
بۆ بەشداریکردن، پەیوەندی بکە بە #360* و پەیڕەوی ڕێنماییەکان بکە

411
korektel.com

رووداو وەرزشی
ژمارە (438)
سێشەممە 2017/2/21

# خشتەی یاریەکانی هەفتە

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 24)

| یاری | کات |
|---|---|
| **هەینی 2017/2/24** | |
| لاس پالماس ـ ریال سۆسیداد | 10:45 |
| **شەممە 2017/2/25** | |
| ئالاڤێس ـ ڤالنسیا | 03:00 |
| ریال بیتیس ـ سڤیلیا | 06:15 |
| لیگانێس ـ دیپۆرتیڤۆ | 08:30 |
| ئیبار ـ مەلەگە | 10:45 |
| **یەکشەممە 2017/2/26** | |
| ئیسپانیۆل ـ ئۆساسۆنا | 02:00 |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید ـ بارسێلۆنا | 06:15 |
| ئەتلەتیک بلباو ـ گرانادا | 08:30 |
| خیخۆن ـ سێلتاڤیگۆ | 08:30 |
| ڤیاریال ـ ریال مەدرید | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ ریال مەدرید | 52 |
| 2 ـ بارسێلۆنا | 51 |
| 3 ـ سڤیلیا | 49 |
| 4 ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید | 45 |
| 5 ـ ریال سۆسیداد | 41 |
| 6 ـ ڤیاریال | 39 |
| 7 ـ ئیبار | 35 |
| 8 ـ ئەتلەتیک بلباو | 35 |
| 9 ـ سێلتاڤیگۆ | 33 |
| 10 ـ ئیسپانیۆل | 32 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ مێسی | بارسێلۆنا | 19 |
| 2 ـ سوارێز | بارسێلۆنا | 18 |
| 3 ـ رۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 14 |
| 4 ـ ئەسپاس | سێلتاڤیگۆ | 12 |
| 5 ـ گریزمان | ئەتلەتیکۆ مەدرید | 9 |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 26)

| یاری | کات |
|---|---|
| **شەممە 2017/2/25** | |
| چێلسی ـ سوانزی ستی | 06:00 |
| کریستال پالاس ـ میدلزبرە | 06:00 |
| ئیڤێرتۆن ـ ساندێرلاند | 06:00 |
| هاڵ ستی ـ بێرنلی | 06:00 |
| ساوسهامتۆن ـ ئارسیناڵ | 06:00 |
| وێست برۆمیچ ـ بۆرنمۆس | 06:00 |
| واتفۆرد ـ وێستهام | 08:30 |
| **یەکشەممە 2017/2/26** | |
| تۆتێنهام ـ ستۆک ستی | 04:30 |
| مانچێستەر ستی ـ مانچێستەر یونایتد | 05:15 |
| **دووشەممە 2017/2/27** | |
| لیستەر ستی ـ لیڤەرپوول | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ چێلسی | 60 |
| 2 ـ مانچێستەر ستی | 52 |
| 3 ـ تۆتێنهام | 50 |
| 4 ـ ئارسیناڵ | 50 |
| 5 ـ لیڤەرپوول | 49 |
| 6 ـ مانچێستەر یونایتد | 48 |
| 7 ـ ئیڤێرتۆن | 41 |
| 8 ـ وێست برۆمیچ | 37 |
| 9 ـ ستۆک ستی | 32 |
| 10 ـ وێستهام | 32 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ سانچێز | ئارسیناڵ | 17 |
| 2 ـ لۆکاکۆ | ئیڤێرتۆن | 16 |
| 3 ـ کۆستا | چێلسی | 15 |
| 4 ـ ئیبراهیمۆڤیچ | مانچێستەر یونایتد | 15 |
| 5 ـ کەین | تۆتێنهام | 14 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 26)

| یاری | کات |
|---|---|
| **شەممە 2017/2/25** | |
| ناپۆلی ـ ئەتەلانتا | 08:00 |
| یوڤانتۆس ـ ئیمپۆلی | 10:45 |
| **یەکشەممە 2017/2/26** | |
| پالێرمۆ ـ سامپدۆریا | 02:30 |
| ڤیرۆنا ـ پیسکارا | 05:00 |
| کرۆتۆنی ـ کالیاری | 05:00 |
| جینەوا ـ بۆلۆنیا | 05:00 |
| لازیۆ ـ ئۆدینێزی | 05:00 |
| ساسۆلۆ ـ میلان | 08:00 |
| ئینتەرمیلان ـ رۆما | 10:45 |
| **دووشەممە 2017/2/27** | |
| فیۆرەنتینا ـ تۆرینۆ | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ یوڤانتۆس | 63 |
| 2 ـ رۆما | 56 |
| 3 ـ ناپۆلی | 54 |
| 4 ـ ئینتەرمیلان | 48 |
| 5 ـ ئەتەلانتا | 48 |
| 6 ـ لازیۆ | 47 |
| 7 ـ میلان | 44 |
| 8 ـ فیۆرەنتینا | 40 |
| 9 ـ تۆرینۆ | 35 |
| 10 ـ سامپادۆریا | 34 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ هیگواین | یوڤانتۆس | 19 |
| 2 ـ دزیکۆ | رۆما | 19 |
| 3 ـ بیلۆتی | تۆرینۆ | 17 |
| 4 ـ مێرتێنس | ناپۆلی | 16 |
| 5 ـ ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 15 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 27)

| یاری | کات |
|---|---|
| **هەینی 2017/2/24** | |
| نانت ـ دیجۆن | 09:00 |
| نیس ـ مۆنپیلیە | 10:45 |
| **شەممە 2017/2/25** | |
| گانگۆن ـ مۆناکۆ | 07:00 |
| لیل ـ بۆردۆ | 10:00 |
| نانس ـ تۆلۆز | 10:00 |
| رین ـ لۆریان | 10:00 |
| ئەنجی ـ باستیا | 10:00 |
| **یەکشەممە 2017/2/26** | |
| سانت ئیتیان ـ کان | 05:00 |
| لیۆن ـ میتز | 07:00 |
| مارسیلیا ـ پاریس سانجێرمان | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ مۆناکۆ | 59 |
| 2 ـ نیس | 56 |
| 3 ـ پاریس سانجێرمان | 55 |
| 4 ـ لیۆن | 43 |
| 5 ـ سانت ئیتیان | 39 |
| 6 ـ مارسیلیا | 39 |
| 7 ـ بۆردۆ | 39 |
| 8 ـ گانگۆن | 34 |
| 9 ـ تۆلۆز | 33 |
| 10 ـ رین | 33 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 25 |
| 2 ـ لاکازیتی | لیۆن | 21 |
| 3 ـ فالکاو | مۆناکۆ | 16 |
| 4 ـ گۆمێز | مارسیلیا | 16 |
| 5 ـ ئەلحەسەن | نیس | 11 |

## چامپیۆنسلیگ (گەڕی 16)

| یاری | کات |
|---|---|
| **سێشەممە 2017/2/21** | |
| مانچێستەر ستی ـ مۆناکۆ | 10:45 |
| بایرلیڤەرکۆزن ـ ئەتلەتیکۆ مەدرید | 10:45 |
| **چوارشەممە 2017/2/22** | |
| سڤیلیا ـ لیستەر ستی | 10:45 |
| پۆرتۆ ـ یوڤانتۆس | 10:45 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ مێسی | بارسێلۆنا | 10 |
| 2 ـ کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 7 |
| 3 ـ لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 6 |
| 4 ـ بنزیمە | ریال مەدرید | 5 |
| 5 ـ ئەگوێرۆ | مانچێستەر ستی | 4 |

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 22)

| یاری | کات |
|---|---|
| **هەینی 2017/2/24** | |
| ڤۆلفسبۆرگ ـ ڤێردەربرێمەن | 10:30 |
| **شەممە 2017/2/25** | |
| بایرلیڤەرکۆزن ـ ماینز | 05:30 |
| بایرن میونشن ـ هامبۆرگ | 05:30 |
| لایپزیگ ـ کۆڵن | 05:30 |
| فرایبۆرگ ـ بورۆسیا دۆرتمۆند | 05:30 |
| دارمشتات ـ ئۆگسبۆرگ | 05:30 |
| هێرتا بەرلین ـ فرانکفۆرت | 08:30 |
| **یەکشەممە 2017/2/26** | |
| ئینگۆلشتات ـ مونشنگلادباخ | 05:30 |
| شاڵکە ـ هۆفنهایم | 07:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ بایرن میونشن | 50 |
| 2 ـ لایپزیگ | 45 |
| 3 ـ بورۆسیا دۆرتمۆند | 37 |
| 4 ـ هۆفنهایم | 37 |
| 5 ـ فرانکفۆرت | 35 |
| 6 ـ هێرتا بەرلین | 34 |
| 7 ـ کۆڵن | 33 |
| 8 ـ بایرلیڤەرکۆزن | 30 |
| 9 ـ فرایبۆرگ | 30 |
| 10 ـ شاڵکە | 26 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 ـ ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 17 |
| 2 ـ مۆدیست | کۆڵن | 17 |
| 3 ـ لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 16 |
| 4 ـ وێرنەر | لایپزیگ | 12 |
| 5 ـ واگنەر | هۆفنهایم | 10 |

## یۆرۆپالیگ (گەڕی 16)

| یاری | کات |
|---|---|
| **چوارشەممە 2016/2/22** | |
| شاڵکە (ئەڵمانیا) ـ سالۆنیکا (یۆنان) | 08:00 |
| فەنەربەخچە (تورکیا) ـ کراسنۆدار (رووسیا) | 08:00 |
| سانت ئیتیان (فەرەنسا) ـ مانچێستەر یونایتد (ئینگلتەرا) | 08:00 |
| **پێنجشەممە 2016/2/23** | |
| ئۆسمانلی سپۆر (تورکیا) ـ ئۆلۆمپیاکۆس (یۆنان) | 07:00 |
| رۆما (ئیتاڵیا) ـ ڤیاریال (ئیسپانیا) | 09:00 |
| ئەیاکس (هۆڵەندا) ـ لیگا وارسۆ (پۆڵەندا) | 09:00 |
| بێشکتاش (تورکیا) ـ بیئر سەبع (ئیسرائیل) | 09:00 |
| ئەپویل نیقۆسیا (قوبرس) ـ ئەتلەتیک بلباو (ئیسپانیا) | 09:00 |
| زینیت (رووسیا) ـ ئەندرلەخت (بەلجیکا) | 09:00 |
| تۆتێنهام (ئینگلتەرا) ـ جینیت (بەلجیکا) | 11:05 |
| لیۆن (فەرەنسا) ـ ئەلکەمار (هۆڵەندا) | 11:05 |
| جینک (بەلجیکا) ـ ئستریا جیۆرجیۆ (رۆمانیا) | 11:05 |
| سپارتا براگ (چیک) ـ روستۆڤ (رووسیا) | 11:05 |
| شاختار (ئۆکرانیا) ـ سێلتاڤیگۆ (ئیسپانیا) | 11:05 |
| فیۆرەنتینا (ئیتاڵیا) ـ بورۆسیا مونشنگلادباخ (ئەڵمانیا) | 11:05 |
| کۆپنهاگن (دانیمارک) ـ لودۆگۆریتس (بولگاریا) | 11:05 |

## خولی کوردستان (هەفتەی 13)

| یاری | کات |
|---|---|
| **پێنجشەممە 2017/2/23** | |
| سیروانی نوێ گارە | 02:30 |
| کەرکووک ـ ئارارات | 02:30 |
| شێروانە ـ زاخۆ | 02:30 |
| **هەینی 2017/2/24** | |
| پێشمەرگەی هەولێر ـ هەولێر | 02:30 |
| دهۆک ـ برایەتی | 02:30 |
| زێرەڤانی ـ گازی باکوور | 02:30 |

(گرووپی یەکەم)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ نەورۆز | 19 |
| 2 ـ پێشمەرگەی هەولێر | 16 |
| 3 ـ هەولێر | 15 |
| 4 ـ گازی باکوور | 13 |
| 5 ـ برایەتی | 13 |
| 6 ـ دهۆک | 11 |
| 7 ـ زێرەڤانی | 10 |

(گرووپی دووەم)

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 ـ زاخۆ | 17 |
| 2 ـ شێروانە | 16 |
| 3 ـ کەرکووک | 16 |
| 4 ـ ئارارات | 16 |
| 5 ـ هەندرێن | 15 |
| 6 ـ سیروانی نوێ | 11 |
| 7 ـ گارە | 8 |

## گرنگترین یارییەکان

- 10:45 — چامپیۆنسلیگ — مانچێستەر ستی ـ مۆناکۆ — سێشەممە 21/2/2017
- 08:45 — یاری دواخراو — ڤالنسیا ـ ریال مەدرید — چوارشەممە 22/2/2017
- 10:45 — چامپیۆنسلیگ — پۆرتۆ ـ یوڤانتۆس — چوارشەممە 22/2/2017
- 09:00 — یۆرۆپالیگ — رۆما ـ ڤیاریال — پێنجشەممە 23/2/2016
- 06:15 — خولی ئیسپانیا — ئەتلەتیکۆ مەدرید ـ بارسێلۆنا — یەکشەممە 26/2/2017
- 10:45 — خولی ئیسپانیا — ڤیاریال ـ ریال مەدرید — یەکشەممە 26/2/2017
- 05:15 — جامی ئینگلتەرا — مانچێستەر ستی ـ مانچێستەر یونایتد — یەکشەممە 26/2/2017
- 10:45 — خولی ئیتاڵیا — ئینتەرمیلان ـ رۆما — یەکشەممە 26/2/2017

KOREK

## ئیندیانا جۆنزە



دوای ئەوەی لە یارییەکەیاندا لە یۆرۆپالیگدا بەرامبەر یانەی سانت ئیتیانی فەرەنسی، یەکەم هاتریکی خۆی بۆ مانچێستەر یونایتد تۆمارکرد، زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی سویدی یانەی شەیتانە سوورەکان، خۆشحاڵی خۆی نیشاندا و خۆی بە ئیندیانا جۆنزی ئەکتەری سینەمایی ئەمریکی، کە کەسایەتی سەرەکییە لە زنجیرە فیلمەکانی کاوبۆی بەناوبانگ، چوواندو گوتی «کەسایەتی من وەک کەسایەتی ئیندیانا جۆنزە، بچمە هەر شوێنێک سەرکەوتن بەدەست دێنم، بۆیە خەڵکی هەر نازناوێکم لێبنێن بۆ من گونجاو دەبێت».



رێبوار محەممەد

# بارسا توانای گەڕانەوەی هەیە

من ئەم دێڕانە دەنووسم، مانای ئەوە نییە لەسەدا سەد بڕوام بەوە هەیە بارسیلۆنا لە یاری گەڕانەوەی قۆناخی شانزەی چامپیۆنزلیگدا بە 5 گۆڵی بێبەرامبەر لە سانجێرمان دەباتەوە. نەخێر بابەتەکە ئەوە نییە من متمانەی کوێرانەم بە بارسیلۆنا هەبێت بۆ گەڕانەوە، ئەوەی من لێی دەدەوێم ئەوەیە کە بارسا وەک یانە، وەک تیپ و پێکهاتە، توانای گەڕانەوەی هەیەو هێشتا دۆخی سەرکەوتنی هەردوو یانە 60 لەسەد لە بەرژەوەندی سانجێرمان و 40 لەسەد لە بەرژەوەندی بارسایەو بۆی هەیە لە کۆتاییدا چل لەسەدەکەی بارسا بەسەر 60 لەسەدەکەی پاریسدا سەربکەوێت.

بێگومان هەندێک ئەم قسانە بە خەیاڵپڵاوی ناودەبەن، هەندێکی دیکەش بە وەهمی ناودەبەن و ئەوەشم بەلاوە ئاساییە، چونکە ئەوە تۆپی پێیە وەهم دەکاتە راستی و ئەوەی عەقڵ نایبڕێت، دەیکاتە شتێکی راستی.

بەر لە هەر شت بارسا بە ئاوڕدانەوە لە مێژوو، دەتوانێ دڵی خۆی بە پەڕینەوە خۆش بکات، چونکە پێشتر چەندینجار ئەوە روویداوە، ئەو نموونەیەشی لەبیری ناکەم، سەرکەوتنی دیپۆرتیڤۆ لاکۆرۆنایە بەسەر ئەی سی میلان بە ئەنجامی چوار گۆڵی بێبەرامبەر، لەکاتێکدا ١ـ٤ دۆڕابوو.

بارسا توانای گەڕانەوەی هەیە بۆچی؟ لەبەرئەوەی یاریزانەکانی لە پاش شکستە قورسەکەیان لە نێو پارک دو فرانس، تا ئەوپەڕی هەستیان بە سووکایەتیکرد، ئازاریان چەشت، بەکورتییەکەی ئابڕوویان تکا و ئێستا دەبێ ئەو ئابڕووە وەک خۆی لێبکەنەوە.

خاڵێکی دیکە، مێسییە. مێسی لە یاری چووندا هیچی نەکرد، تەنیا خۆی خواردەوە و ئازاری چەشت، ئێستا هەمووان بە مێسی خۆیشییەوە چاوەڕێدەکەن بزانن کاردانەوەی ئەو چۆن دەبێت. توڕەبوونی مێسی کێشەی گەورە بۆ تیپەکانی بەرامبەر دروستدەکات، ئێستا ئەو لەوپەڕی توڕەییدایە، پێشتر توڕەیی خۆی پێشانداوە، بۆیە ئەو توڕەییە دەکرێ زۆر خزمەتی بارسا بکات.

خاڵێکی دیکە هەر پەیوەندی بە مێسییەوە هەیە، چامپیۆنزلیگ تاکە ئومێدی ئەوە بۆ ئەوەی ئەمساڵ ناوی ئەو لە لیستی باشترین یاریزانی جیهاندا بێت، هاوینی داهاتوو مێسی هیچ پاڵەوانیەتییەکی نییە و رۆناڵدۆ لەگەڵ پۆرتوگالدا بەشداری لە جامی کیشوەرەکان دەکات. ئەگەر چامپیۆنزلیگ لەدەست بارسا بچێت، زەرەرمەندی یەکەم مێسی دەبێت، چونکە تەنیا نازناوی جامی شای بۆ دەمێنێتەوە کە مسۆگەری کردووە و لالیگاشی لە قورگی ریال مەدریددایە، خۆ گەر ریال مەدرید وەک وەرزی رابردوو تا سەر لە پاڵەوانیەتییەکاندا بڕوات، ئەوا رۆناڵدۆ جارێکی دیکە لە مێسی دەبێتەوە بەڵا و ئەوکات لە بری نەیمار و جیا لە رۆناڵدۆ، یاریزانێکی دیکەی ریال، رێ بە مێسی دەگرێتەوە لەبەردەم بالۆن دۆردا. ئەمە ئەگەر ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە بۆی هەیە پۆرتوگال نازناوی جامی کیشوەرەکانیش ببات.

خاڵێکی دیکە (کە ئەمیان تەکتیکییە) و پێموایە کاریگەریی لەسەر گەڕانەوەی بارسا دەبێت لە یارییەکەدا، ئۆنای ئێمری راهێنەر و توانای یاریزانەکانیەتی.

ئێمری گەرچی لە یارییەکەی پێشوودا کارێکی بە بارسا کرد خۆیشی باوەڕی نەدەکرد، بەڵام پێموایە ئەو یانە کەتەلۆنییەکەی غافڵگیر کرد، جارێکی دیکە ئەو سیناریۆیەی بۆ دووبارە نابێتەوە و ئەمجارە کە بارسا بەشوێن سەرکەوتندا دەگەڕێت لە نێو یاریگەی خۆیدا، ئەرکی پاریس زۆر قورسە، ئاخر مێژوو دەڵێ ئێمری نازانێ بەرگری بکات، ئەو لە سێ وەرز لەگەڵ سیڤیاشدا پێش سانجێرمان وەرزێک 50 گۆڵ، وەرزێک 45 گۆڵ و وەرزێک 52 گۆڵی لێکراوە، هەمیشەش لەو یارییانەی کۆتاییدا کێشەی هەبووە کە یاری چوون و هاتن بووبن.

ئێمری گەرچی سێ نازناوی یۆرۆلیگی بردووەتەوە، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە جامی شا یان سوپەری ئیسپانی بباتەوە، چونکە یارییەکانی چوون و هاتن بوون و لە دەرەوەی یاریگەی خۆیدا یاریکردووە، بۆیە من گەڕانەوەی بارسا بە ئەستەم نازانم، هەرچەندە دەزانم تۆپی پێ، هەموو دەرگایەک بە کراوەیی دەهێڵێتەوە، چ سەرکەوتنی بارسا، یان شکستێکی دیکەی قورستر، یان هەر ئەنجامێکی دیکە.

# یاریزانێکی ئیتاڵیش داعش دەرچوو



رووداوی وەرزشی ـ SPORT

دادگایەکی ئیتاڵی سزای بەندکردنی بۆ یاریزانێکی ئیتاڵی بەڕەگەز مەغریبی لە یاری کیک بۆکسینگ، لەگەڵ هاوسەرەکەی دەرکرد، بەهۆی ئەوەی پەیوەندییان بە رێکخراوی داعشەوە هەبوو، دوو منداڵەکەشیان خرایە خانەی چاودێرییەوە.

لە نیسانی رابردوودا عەبدولڕەحیم متحەرک و هاوسەرەکەی سەلما بنشارکی دەستگیرکران، بەهۆی گومانی پەیوەندی هەبوونیان بە رێکخراوی داعشەوە، دوای ئەوەی پۆلیس گوێی لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانیان گرت و زانی کە ئەو دوو هاوسەرە بەنیازن لەگەڵ دوو منداڵەکەیان بچنە سووریا، کە ئەوکات تەمەنیان 2 ساڵان و 4 ساڵان بوو.

بە گوێرەی گێڕانەوەی ئەی ئێف بی بێت، کە لە ئاژانسی هەواڵەکانی ئیتاڵیا (ئەی جی) گواستوویەتییەوە، دادگایەک لە شاری میلانۆ بڕیاری بەندکردن بۆ ماوەی 7 ساڵ بۆ مێردەکە و 7 ساڵ بۆ ژنەکەی داوە. گومان دەکرێت متحەرک لە تۆمارکراوەکەدا باسی ویستی بە هێرشکردنە سەر ڤاتیکان کردبێت، ئەوەش لەلایەن لایەنگرانی داعشەوە چەندینجار گەفی پێکراوە. پارێزەرەکەشی ئەو تۆمەتانە رەتدەکاتەوە و داوای تێهەڵچوونەوەی سزاکەی کردووە.

ئەو وەرزشوانە یاریزانێکی بەتوانایە لە یاری کیک بۆکسینگ، بەشداری چەندین خول وپاڵەوانیەتی کردووەو چەندین دەستکەوتیشی بەدەستهێناوە، بەڵام لەمێژە گومانی ئەوەی لێدەکرێت پەیوەندی بە لایەنە جیهادییەکانەوە هەبێت، کە دواجار دەرچوو ویستی هەبووە خۆی و خێزانەکەی بچنە نێو داعش.

پێشبڕکێ



## بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

بەرزان محەممەد لە سەیدسادق

بە لێدوانی:

(بینە و مەبیستە)

---

رووداو وەرزشی
ژمارە (438)
سێشەممە 2017/2/21

## پەنجاو پێنجەمین پێشبڕکێ LOTTO 4

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە. بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..............................

مۆبایل : ..............................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
www.rudaw.net
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولرەحمان



هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
رووداو هەمووومان گەنجتر دەکاتەوە